ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# چل فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

## لە بارەی بانگەواز و بانگەوازخوازانەوە

وەرگێڕانی:
م. ئاكۆ جلیل كریم

پێداچونەوەی:
م.عبدالكریم محمد – ئیمام و خەطیب لە مزگەوتی ئیمان

# پێشەکی

إن الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَ نَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّاللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.أما بعد.

ئەمە نامەیەکی جوانە کە چل لە فەرموودە کۆکەرەوەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ تیادا کۆکردووەتەوە هەر یەکێك لەو فەرمودانە بەڵگەیە لەسەر بنچینەیەك لە بنچینەکانی بانگەوازکردن بۆ لای خوا. ئەم فەرموودانەم هەڵبژارد کە چل فەرموودەن وە کۆمکردنەوە بە ئەزموونی فەرموودەناسان لە هێنانی چل فەرمووده لە بەشێکی تایبەتدا لەسەر شێوازێکی دیاریکراو، کردار بەوەی هاتووە لە پەرتووکەکاندا لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی (( هەر کەسێك لە ئومەتەکەم چل فەرموودە لە بەربکات لە سونەتی من ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دەیخەمە ڕیزی ئەوانەی شەفاعەتیان بۆ دەکەم )) ئەم فەرموودەیە هەموو ڕێگەکانی لە دەوری واز لێهێنراویان درۆزن دەسوڕێنەوە.

ئەم چل فەرموودەیە پڕۆگرامی پێغەمبەر ﷺ ڕون دەکاتەوە لە بانگەوازکردنی بۆ لای خوا، وە ئەوەش پڕۆگرامێکی بەهێز و تۆکمەیە هیچ بوارێکی بۆ بۆچونە کەسیەکان و ئەزموونە خودیەکان و ناکۆکیە دەرونیەکان نەهێشتووەتەوە.

وە لە گەورەترین پاڵنەرەکان کە پاڵی پێوەنام کە ئەم نامە کورتە دابنێم. بێ ئاگایی زۆرێکە لەو کەسانەی کە خۆیان بە بانگەوازکار دەزانن دەیانبینین زۆرێك شت بە باش دەزانن کە زۆر بە ڕوونی پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وە ئەوەش هەر هەمووی ڕاستگۆیی گوتەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت (( ئێوەم بەجێ هێشتووە لەسەر سپیاییەك شەوی وەك ڕۆژی وایە هیچ کەس

لێی لانادات ئیللا تیا دەچێت)). لـە فـەرموودەی شەشـەمدا دەبیـنین انـشاءالله (( هەر کەسێك دەستی گرت بە وێنەی ئەم ڕاستیەوە و وە بەردەوام بوو لەسەر بەڵگەکانی لەسەر ڕێ و شوێنی دینی پیرۆزی ئیسلام ئـەم پـارێزراوە لـە شـوێن کەوتنی دینیدا لە ئێستا و داهاتودا، وە دەستی گرتووە بە پەتە بەهێزەکـەوە کـە بە هیچ شێوەیەك پچڕانی تیادا نییە وە خۆی پاراستووە بە قەڵغانێك کـە بـەهۆی ئەو قەڵغانەوە دەتوانرێت خـۆ پارێزرێـت وە خـۆی قـایم بکـات و پارێزگـاری لەخۆی بکات.

بەهۆی شوێن کەوتنی بۆ ڕاستی و بەڵگەوە خێرو پێزی بۆی بەدەسـت خـات وە دوایەکەش سوپاس گوزاری بێت لەدوا ڕۆژیشدا انشاءالله. (( لە پێـشەکیەکەی پێشەوا لالەکانی لە شەرحی اصول اعتقاد اهل السنه (رحمه الله) وەرگیراوە))

وە بەدڵنیاییەوە سوربووم لەسەر هێنانی ئەم فەرموودانە لەسەر تەخریج کردنـی بە تەخریجێکی زانستیانە لەسەر ڕێگەی زانایانی فـەرموودەناس، وە بـە گـوێرەی ئەو شێوازە بەهێزەی کە ئەوان پێـی هەڵـساوان لـە باسـکردنی سـەنەدەکان و حوکم دان لەسەری بەجۆرێك کـە زانـستی فـەرموودەناس پێـی ڕازیبێـت، بـە لەبەرچاوگرتنی کورتکردنەوە و خۆپاراستن لە درێژە پێدان.

وە هەرچی دەقی فەرموودەکانیشە هەوڵێکی زۆرم دا بۆ خـاوێن کردنـەوەی وە لە دانانی سەرباس بۆ هەریەکەیان و قسەی خۆم نەنوسیوە مەگەر هەر پێویـست بووبێت بۆ گرێدانی فەرموودەکان وەکو زنجیرەیەکی بەیەکەوە لکاو بـۆ ئـەوەی یەکێکیان لەوی تریان نەچرێت.

وە شاراوە نییە ئەگەر بووایە هەریەکەیان ڕاڤە بکرایە و بەفراوانی باسـکرایە وە ڕونکرایەتەوە درێژەی پێ بدرایە ئەوا لە پەرتوکێکی یەك بـەرگی جوانـدا جێـی

دەبویەوە کە بەڵکو انشاءالله بکرێت ئەگەر خوا ویستی لیّ بێت لە داهاتوودا ئەگەر تەمەن بواری تیادا بێت و کاتیشی هەبێت.
وە لە کۆتایشدا دووبارەی دەکەمەوە هیچ ویستێکم لە هێنان و دانانی ئەم پەرتوکەدا نەبوو تەنها بەڵگەیەك بێت لەسەر حەق و ڕێنموییەك بێت بۆ بێداری وە ئەم دوانەش بەسە کورتکردنەوە تیایدا.
وە داوام لە خوایە سەرکەوتووم کات لەوەی ویستم وە لە فیتنە بم پارێزێت لەوەی کە ئاشکرایە یان نهێنیە هەر خۆی بیسەرو وەڵام دەرە.
وە کۆتا دوعامان سوپاس کردنی خوای پەروەردگاری جیهانیانە

علی حسن عبدالحمید الحلبی الاثری
زەرقاء 11 رجب -1408ك ، 28-2-1988ز

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إن الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَ نَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إلاّاللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. .﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ آل عمران: 102**

**﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً﴾ النساء: 1**

**﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾ الأحزاب: 70-71**

**أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ الله وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.**

## پێشەکی

یەکێك لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەر مرۆڤەکانەوە ئەوەیە کە ڕێنیشاندەری بۆ ناردوون تا چۆنیەتی پەرستش وهەڵسوکەوت و هەموو کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانە و دوارۆژیشیان فێر بکات.

جا لەهەر سەردەمە و بۆ هەر کۆمەڵە خەڵکێك خوای پەروەردگار پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون سەلامی خوایان لێ بێت، بەلاَم بۆ هەموو مرۆڤەکان دوا پێغەمبەری ناردووە کە( محمد)ە ﷺ ، وتەکانی هەمووی ڕاستن ولە خوای گەورەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ النجم: 3 – 4.

واتە: لەخۆیەوە قسە ناکات بەگوێرەی هەوا وئارەزووی، بەڵکو ئەوەی دەیڵێت سروشەو بۆی هاتووە، هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ال عمران: 31

واتە: بڵێ ئەی محمد ﷺ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون (محمد ﷺ) خواش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهەکانیشتان خۆش دەبێت و خوای گەورە بەخشەرو بەبەزەییە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً﴾ النساء: 69

واتە: هەرکەسێ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوا لەگەڵ ئەوانەدایە کە خوا نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکان، ئای ئەمانە چ هاوڕێیەکی باشن﴾.

هەروەها پێغەمبەرﷺ خۆشی لە چەندین فەرمووده‌دا ئاماژەی بەوە کردووە کە وتەکانی ئەو لە خوای پەروەردگارەوەیە وەکو دەفەرموێت: (( دَعُوْني ما ترَكْتُكُمْ فإنَّما أَهْلَكَ من كان قَبْلَكُمْ سُؤالَهُمْ وإخْتلافِهِمْ على انبيائِهِمْ، فإذا نهَيْتُكُمْ عن شيءٍ فأجتنِبُوْهُ، وإذا اَمَرْتُكُمْ بشيْءٍ فأتُوا مِنْهُ ماستطعْتُمْ)) ئیمامی بوخاری بە ژمارە 7288/13 لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە.

واتە: بمهێڵن لەسەر ئەوەی بۆم جێهێشتوون چونکە ئەوەی ئەوانەی پێش ئێوەی لەناوبرد زۆر پرسیار کردن بوو، لەگەڵ جیاوازی کردنیان لەسەر پێغەمبەرانیان، جا ئەگەر قەدەغەی شتێکم لێ کردن ئەوە وازی لێبێنن و لێی دوور بکەونەوە، وە ئەگەر فەرمانی شتێکم پێ کردن ئەوە ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە جێ بەجێی بکەن .

جا لەمانەی سەرەوە ئەم وتەیە دەردەبڕین، ئامۆژگاری موسوڵمانان بەگشتی وبانگخوازان بەتایبەتی دەکەین کە دەست بگرن بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ ، چونکە ووتە وکردارەکانی نوورن، ئێمە تاریکاییەکانی پێ دەبینین. وە بیکەینە پرۆگرامی ژیانمان، چونکە هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردووینەتەوە.

ئەم چل فەرموودەیە وەکو زنجیرێك وایە لە چل ئەڵقە پێکهاتبێت ئەگەر کەلی بکەیت کەل دەبێت وە ئەگەر بانگەوازخواز پەیڕەوی بکات دەگاتە ئامانجی خۆی لە بانگەوازەکەیدا، چونکە هەموو ڕاستییەکانی ژیانی خستۆتە پێش چاو لە خۆشی وناخۆشی. جا هیوادارم کە خوای گەورە سەربەرزی دینەکەی بگێڕێتەوە بۆمان وئێمەش ببین بە خزمەتکاری. خوا یارمەتی هەموولایەك بدات......

والسلام عليكم ورحمة الله

ئاکۆ جلیل کریم
20/ 2/ 2008 ز

## ڕێ خۆشکەر

بانگخوازی ئازیزم تێبینی ئەمانە بکە لەم نامیلکەیەدا:

1- دەقاودەق وەکو نامیلکەکەی شێخ(**حلبي**) نییە لەڕاڤەدا، واتە ئێمە دەقی فەرموودەکەمان کردووە بە کوردی.

2- ئەگەر پێویستی کردبێت لە فەرموودەیەکدا ووشەیەك یان بابەتێك یان فەرموودەکە هەمووی ئەوا ڕاڤەمان کردووەتەوە.

3- لە ڕووی هێنانی ڕاوییەکانەوە ئێمە چەند ڕاوییەکمان هێناوە.

4- مەبەستیشمان لەمانە تەنها ئاسانکردنیەتی بۆ بانگخواز تا بەئاسانی ئەم چل فەرموودەیە لەبەر بکات وبیکاتە وانە بۆ خۆی وهاوڕێکانی.

5- خوێنەری بەڕێز: لەم پەرتوکەدا گەلێك ڕاڤەو شیکردنەوە دەبینیت، ئەمانە بۆچونی وەرگێڕە ئەگەر ڕاست بوو ئەوا لە خوای گەورەوەیە، وە ئەگەر نا ئەوا لە نەفس و شەیطانەوەیە خوا لە من و ئێوەش خۆش بێت.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان

## فەرموودەی یەکەم

### بناغەی کردارەکان

عن عُمَر بنِ الخطَّاب (رضي الله عنه) قال:

قال رسولُ اللهﷺ:

(( إنَّمَا الأَعمالُ بالنِّيَّاتِ، وإنَّمَا لِكُلِّ امْرِيءٍ مانَوَى، فمن كانَتْ هجرتُهُ إلى اللهِ ورسولِهِ، فهجرتُهُ إلى اللهِ ورسولِهِ، ومَن كانت هجرتُهُ إلى دُنيا يُصِيبُها، أَو إلى أمْرَأةٍ يَنْكِحُها فَهِجْرَتُهُ إلى ماهاجَرَ إليهِ)).

( بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە/ 1،54) ( موسلیم ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە/ 1907)

**واتە:** لە عومەری کوڕی خەطابەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (( هەرچی کردارێک هەیە بەگوێرەی نییەت و ویستە، وە هەرچی کردارێک کە دەکرێت بەگوێرەی نییەتەکەی بۆی دەنووسرێت، وە هەرکەسێك کۆچ کردنەکەی لە پێناوی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بێت ئەوا کۆچ کردنەکەی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ، وە هەرکەسێك کۆچ کردنەکەی لە پێناوی ماڵێك کە دەستی بکەوێت، یان لەپێناوی ئافرەتێك کە مارەی ببڕێت، ئەوا کۆچ کردنەکەی لەپێناوی ئەوەدا کردووە کە کۆچی بۆ کردووە)).

**ڕاڤە:** ئەم فەرموودەیە فێرمان دەکات کە نییەتەکانمان ساغ بکەینەوە تەنها بۆ خوای گەورە، چونکە هەرچی کارێك هەیە بەگوێرەی نییەت دەپێورێت جا ئەگەر چاك بوو ئەوا سەرفرازە و پاداشت وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر خراپ بوو ئەوا نەك هەر پاداشت وەرناگرێت بەڵکو لەسەر کردنیشی سزا وەردەگرێت.

خوای گەورە نییەتەکانمان بۆ خۆی ساغ بکاتەوە.

پێویستە لەسەر بانگخواز کە نیەتی خۆی چاك بكات بۆ خوای پەروەردگار تا هەموو شتێك لەسەر ڕاستیەتی خۆی ببینێ بێ هیچ ساختە و تەڵەکە بازیەك، جا ئەگەر ئەوەندە نیەتی خۆی چاككرد ئەوا دڵەکەی سرەوت دەگرێت لەسەر دین و خۆی دەبێتە پێشەنگ لە کردنی ئەو فەرمانانەی کە بە خەڵکی دەڵێت و خەڵکیش باوەڕی پێ دەکەن و ئەم کارەی ڕێگا خۆشکەرە بۆ شارەزا بوونی لەو بارودۆخەی کە تیایا دەژی و لەو هەموو دەردەی کە خەڵکی پێوەی دەناڵێنن لە بێ دەسەڵاتی و ژێر دەستەییان بۆ دوژمنەکانیان بەهۆی کردەوەکانی خۆیانەوە، ئەو بارودۆخەش لە فەرمودەی دووەمدا دەبینین کە باس لە بێ دەسەڵاتی موسڵمانان دەکات.

## فەرموودەی دووەم

## بێ دەستەڵاتی موسڵمانان

عَن ابن عُمَر (رضي الله عنهما) قال: قال رسولُ الله ﷺ:

إذا تَبَايَعْتُم بالعِينَةِ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُم بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُم الجِهَادَ، سَلَّطَ اللهُ عَلَيكُم ذُلاً لايَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا أَلى دِينِكُمْ))

( ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە/ 3462)

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ئەگەر کڕین وفرۆشتنتان بوو بە (العینە)، وە دەستان گرت بە کلکی مانگاکانتانەوە، وە ڕازی بوون بە کشتوکاڵ کردنەوە خەریك بن، وە وازتان لە تێکۆشان کردن لە پێناوی خوادا هێنا، ئەوە خوای گەورە بەرگی بێ دەسەلاتی دەکات بەسەرتاندا، لاینابات هەتا نەگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان))

* العینة: جۆرێکە لە کڕین وفرۆشتن، کابرای فرۆشیار شتێك دەفرۆشێت بە کڕیار بەقەرز، بەلاّم پێش دانەوەی قەرزەکە، فرۆشیارەکە ئەوەی فرۆشتوویەتی پێی لێی وەردەگرێتەوە بە پارەیەکی حازری کەمتر لە نرخی خۆی.

* وشەی (جهاد) وەکو مامۆستا (**عبداللطیف**) لە پەرتوکە بەنرخەکەیدا (تێکۆشان لە پێناوی خودا) ڕونیکردوەتەوە گەلێك جۆری هەیە بۆ زیاتر شارەزابون دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە لا 17-36

ئەوانەی فەرمودەکە ئاماژەی بۆ داوە لە خۆ خەریکردن بە کڕین و فرۆشتنەوە و دەستگرتن بە خۆشیەکانی دونیا و تەرخانکردنی هەموو کاتەکانی

بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و وازهێنان لە فێربوونی دینی خوای پەروەردگار و ڕازی بوون بەوەی کە دوژمنی دوور لە دین فەرمانڕەوایەتیان بکات ئەمانە هەموو دەرگای جیاوازی دەکەنەوە لەنێو موسڵماناندا و سەریان لێ دەشێوێ و نازانن کامە ڕێگای ڕاستە, کە نەشیان زانی کامە ڕێگا ڕاستەکەیە وایان لێ دێ باوەڕ بە خۆشیان ناکەن و بەگوێ ی یەکتر ناکەن و گەورە و بچوکی نافامێنن، دەبنە پارویەکی چەوور بۆ دوژمنیان، بەو شێوەش دەمێننەوە تا نەگەڕێنەوە سەر دینە پاکەکە ، ئەو ناکۆکیە لە فەرمودەی سێهەم و چوارەمدا دەبینین.



## فەرموودەی سێهەم

### ناکۆکی

عَنْ عبداللهِ بن مَسْعُودٍ قال:

خَطَّ لَنا رسولُ اللهِ خَطّاً ثُمَ قالَ: ((هذا سَبِيلُ اللهِ))، ثُم خَط خُطوطاً عَن يَمينهِ وَعَنْ شِمالهِ، ثم قال:

((هذه سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ على كُلِّ سَبِيلٍ منها شَيْطَانٌ يَدْعوا إليه)).

ثم قَرَأَ:﴿وَأَنَّ هَـذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾ الأنعام:153.

(طيالسي بەژمارە/ 244، وە ئیمام ئەحمەد بەژمارە/ 435، 465) ڕیوایەتیان کردووە.

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبە ﷺ خەتێکی بۆ کێشاین وفەرمووی: ئەوە ڕێگەی خوای گەورەیە، پاشان چەند خەتێکی بۆ کێشاین لەلای ڕاستی خەتەکەوە وە لەلای چەپیەوە، پاشان فەرمووی: ئەمە چەند ڕێگەیەکی جیاوازە[1] لەسەر هەریەك لەم ڕێگانە شەیتانێك هەیە بانگەوازی بۆ دەکات. پاشان ئەم ئایەتەی سورەتی (الأنعام:153)ی خوێند کە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّ هَـذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ واتە: (( ئەو ڕێگە ڕاستە ڕێگەی منە شوێنی بکەون، شوێن ئەو ڕێگایانە مەکەون، چونکە پەرتەوازەتان دەکات لەڕێگەی خوای گەورە کە ڕێگەی ڕاستە)).

---

(1) هەموو گروپێك کە بەرنامەکەی لەگەڵ قورئان و فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا ﷺ یەکنەگرێتەوە دەچنە ریزی ڕێگە جیاوازەکانەوە.

ئەگەر موسڵمانان ڕێگە ڕاستەکەیان لێ تێکچوو نەیانزانی کامەیە، ئەوا زۆر بە ئاسانی پارچە پارچە دەبن و هەریەکەیان دین بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان لێکدەدەنەوە ئاوایان لێ دێت دەبنە چەندین پارچە وەکو پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەی چوارەمدا ئاماژەی پێ کردووە (( پارچە پارچە و پەرتەوازەبوونی ئومەت)).



## فەرموودەی چوارەم

## پەرتەوازەبوونی ئوممەت

عَن أَنَسِ بن مالكٍ (رضي الله عنه) قال:

قال رسول الله ﷺ:

((تَفْتَرِقُ هذه الأُمَّةُ على ثلاثٍ وسبعينَ فِرقةً، كلُّهم في النَّار إلاّواحِدَةً)) قالوا: وما هي تِلْكَ الفِرْقَةُ؟ قالَ:

((ما أَنا عَلَيْهِ اليَوْمَ وَأَصْحَابِي)).

(ئیمامی (طبراني) لە موعجەمی بچووکدا بەژمارە/ 742 ڕیوایەتی کردووە)

**واتە:** لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەم ئومەتە دابەش دەبێت بەسەر حەفتا وسێ بەشدا، هەموویان لەئاگردان[1] بێجگە لە بەشێکیان نەبێت. ووتیان: ئایە ئەو بەشە کامەیە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە ئەمڕۆ من وهاوەڵەکانم لەسەرین.

پێغەمبەرمان ﷺ زۆر بە ئاشکرا پێی ڕاگەیاندوین کە ئەم ئومەتی ئیسلامە دەبنە حەفتا و سێ پارچە و پەرتەوازە دەبن حەفتا و دوویان بەهۆی کاری خۆیانەوە دەچنە دۆزەخەوە بەڵام یەکیان سەرفراز دەبێت ئەویش ئەوانەن کە ڕێك وەکو پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت دینداری دەکەن، جا خۆی ﷺ لە فەرمودەی پێنجەمدا ئامۆژگاریمان دەکات کە ڕێگە ڕاستەکە کامەیە تا شوێنی

(1) خوێنەری ئازیزم ئاگاداربە ئەو حەفتاو دوو کۆمەڵەی دەچنە ئاگری دۆزەخەوە بە هەتا هەتایی لە ئاگردا نامێننەوە بەڵکو بە گوێرەی تاوان و گومڕایەتیەکەیان لە ئاگردا دەمێننەوە و پاشان بە ڕەحمی خوای گەورە دێنە دەرەوە.

بکەوین و خۆمان لە شوێن کەوتنی حەفتا و دووەکەی دی دەپارێزین ئەویش بەوەی بزانین چ ڕێگایەك هەڵدەبژێرین.

**فەرموودەی پێنجەم**

**چ ڕێگەیەک...؟!**

**عَن حُذَيفةَ بنِ اليَمَانِ قال:**

**كانَ النَّاسُ يَسْأَلونَ رَسولَ اللهِ ﷺ عن الخَيرِ، وكُنْتُ أسأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مخافَةَ أَنْ يُدْرِكَني، فَقُلْتُ: يارَسُولَ اللهِ، إنَّا كُنَّا في جَاهليّةٍ وَشَرٍّ، فجاءَنا اللهُ بِهذا الخَيْرِ، فهل بعدَ هذا الخيرِ مِن شرٍّ؟ قال: ((نعم)) قلتُ: وهل بعد ذَلِك الشَّرِّ مِن خيرٍ؟ قالَ: ((نَعم، وفيه دَخَنٌ)) قلتُ: وما دَخَنُهُ؟ قال:**

**((قَوْمٌ يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ)).**

**قُلْتُ: فهل بعد ذلك الخيرِ مِن شرٍّ؟ قالَ:**

**((نَعَم، دُعاةٌ على أبواب جَهَنَّم، مَن أجابَهُم إليها قَذَفُوهُ فيها)).**

**قُلتُ: يارسولَ اللهِ! صِفْهُمْ لَنا، قالَ:**

**((هُمْ مِن جِلْدَتنا وَيَتَكَلّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا)).**

**قُلتُ: فما تَأمُرُني إنْ أَدْرَكَني ذلك؟ قال:**

**((تَلْزَمُ جماعَةَ المُسْلِمِينَ وإمامَهُم)).**

**قُلْتُ: فَإنْ لَم تَكُنْ لهم جَمَاعَةٌ ولا إمامٌ؟ قال:**

**فاعْتَزِل تِلْكَ الفِرَقَ كُلَّها، ولو أنْ تَعضَّ بِأَصْلِ شَجَرةٍ حَتى يُدْرِكَكَ المَوْتُ وأنتَ على ذلك)).**

**(ئیمامی بوخاری بەژمارە/ 7084 وە موسلیم بەژمارە/ 1847 ڕیوایەتیان کردووە).**

**واتە:** حوزەیفەی کوڕی یەمان (خوا لێی ڕازیبێت) فەرمووی: خەڵکی پرسیاری خێریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد، بەلاَم من پرسیاری شەڕم لێ دەکرد لەترسی ئەوەی کە تێی بکەوم، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە لە نەزانی وخراپەکاریدا بووین، خوای گەورە ئەم خێرەی بۆ هێناین، ئایا دوای ئەم خێرە شەڕ هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ووتم: ئەی دوای ئەو شەڕە خێر هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەو خێرە تەماوییە. ووتم: تەماوییەکەی کامەیە؟ فەرمووی: قەومێکن ڕێنمووی دەکرێن، بە بێجگە لەسوننەتی من، دەیزانن وسەرپێچی دەکەن. ووتم: ئەی دوای ئەو خێرە شەڕ هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، بانگەوازخوازانێك لەسەر دەرگای دۆزەخن، هەرکەس وەلاَمیان بداتەوە فرێی دەدەنە ناوی. ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ باسیان بکە بۆمان، فەرمووی: ئەوان لە پێستی خۆمانن وە بەزمانی خۆمان قسە دەکەن. ووتم: فەرمانی چیم پێ دەکەیت ئەگەر کەوتمە ئەوەوە؟ فەرمووی: پابەندی کۆمەڵی موسوڵمانان وپێشەواکەیان بە. ووتم: ئەی ئەگەر نەکۆمەڵ ونەپێشەوایان هەبێت؟ فەرمووی: واز لەهەموو ئەو ڕێچکانە بهێنە ئەگەرچی بەقەپ کردن بە بنی دارێکیشدا بێت هەتا مردن دێت بەسەرتا و شوێن هیچ کۆمەڵێکیان مەکەوە.

فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ باسێکی گشتی ڕێگا گومڕایەکانمان بۆ دەکات و سیفەتی هەڵگرانیشیمان بۆ باس دەکات و ئامۆژگاریشمان دەکات کە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای موسڵمانان بین وە لە کاتی نەمانی فەرمانڕەوای موسڵمانانیشدا پەیوەستمان دەکات بە دوور کەوتنەوە لە ڕێچکەکان تا گومڕا نەبین و لە فەرمودەی شەشەمیشدا ڕێگە ڕاستەکەمان پێ دەڵێ و پێشەواکانیشیمان بۆ دیاری دەکات تا لەسەر ڕێبازیان بڕۆین و سەرمان لێ نەشێوێ ئەویش بە ڕونکردنەوەی ڕێگەکە.

## فەرموودەی شەشەم

### ڕوونکردنەوەی ڕێگەکە

**عَن العِرْباضِ بنِ سَارِيَةَ قال:**

**وَعَظَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ مَوْعِظَةً ذَرَفَتْ منها العُيونُ وَوَجِلَتْ منها القُلُـوبُ، فَقُلْنَـا: يارَسُولَ اللهِ، إنَّ هذه لَمَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فماذا تَعْهَدُ إِلَيْنَا؟ قال:**

**((قد تركتُكم على البَيْضاءِ لَيْلِها كَنَهَارِها، لا يزيغُ عنهـا بَعْـدي إلاّ هَالِـكٌ، وَمَـن يَعِشْ منكم فَسَيَرى اختلافاً كَثيراً، فَعَلَيْكُمْ بمـا عَـرَفْتُمْ مِـن سُـنَّتي، وَسُـنَّةِ الخُلَفَـاءِ الرَّاشدين المَهْدِيِّينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بالنَّواجِذِ، وعلـيكم بالطَّاعـةِ، وإنْ عَبْـداً حَبَـشِيَّاً، فَإِنَّمَا المُؤْمِنُ كالجَمَلِ الأَنِفِ، حَيْثُمَا قِيدَ انْقَادَ)).**

**( ئەم فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەد بەژمارە 126/4 وە ئیبن ماجە بـەژمارە/43 وە حاکم بەژمارە 96/1 ڕیوایەتیان کردووە).**

**<u>واتـە</u>: لـە عیرباضی کوڕی سارییەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگـاری دەکــردین، ئامۆژگارییــەك کــە چــاوەکانی دەهێنایــە گریــان وە دڵـــەکانی ڕادەچــڵەکاند، ووتمــان: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەڵێــی ئەمــە ئامۆژگــاری ماڵئاواییتە، چ پەیمانێکت هەیە بۆمان، فـەرمووی: مـن ئێـوەم لـەسـەر سـپیاییەك بەجێ هێشتووە، شەوەکەی لە ڕۆژەکەی دەچـێت (لەڕووناکیـدا) هـیچ کـەس گومڕا نابێت لێی ئیللا تیادەچـێت، وە هەرکـەس لـەئێوە بـژی ئـەوا نـاکۆکی ودووبــەرەکی زۆر دەبینێــت، ئاگادارتــان دەکەمــەوە بــەوەی کــە ناســیوتانە لەسونەتم وە لـەسونەتی خەلیفەکانی ڕاشدینی ڕێنمویی کراو، بـە ددانـەکانتان توونـد قــەبی پیابکــەن، وە ئاگادارتــان دەکەمــەوە کــە گوێڕایــەڵبن ئەگەرچــی پێشەواکەتان بەندەیەکی حەبەشی ڕەش پێستیش بێت، لەبەر ئەوەی بـاوەڕداران**

وەکو ووشتروان کە ڕەشوە کرابێتە (لوت)ەکانیەوە، بۆ هەرکویێ بدرێتەبەر دەڕوات.

* مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لە چواندنی ئیمانداران بە ووشترەوە ئەوەیە کە کاتێك ووشتر ئەڵقەیەکی ئاسن دەکرێتە لوتیانەوە بە مەبەستی زاڵ بوون بە سەریاندا بۆ گواستنەوەیان لەکاتی ڕاکێشانی ئەڵقە ئاسنەکەدا کە بەپەتێکەوە بەستراوە خێرا ئازار دەچێژن و مل دەدەن بۆ ئەو کەسەی کە ڕایکێشاوە بۆیە دەبێت موسڵمانیش ئاوابێت بەرامبەر دینی خوا هەر شتێکی پێبوترێت ئەوا خێرا دەبێت ملی بۆ بدات.

لەم فەرموودەی شەشەمەدا پێغەمبەر ﷺ ڕێگاکەمان بۆ ڕوندەکاتەوە بە باشترین شێوە ئەویش بە دیاری کردنی سەرچاوەی لێهەڵگلۆزین کە قورئان و سونەتە وە ئەو کەسانەشی بۆ دیاری کردین کە بە باشترین شێوە هەڵساون بە پەیڕەو کردنی سەرچاوەکە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان کە ئەوانیش جێنشینە ڕێنمویکراوەکان بوون کە هەر پێنج خەلیفەکەی ئیسلام دەگرێتەوە (( ئەبوبەکری صدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان، عەلی کوڕی ئەبی طالیب، حەسەنی کوڕی)) ڕەزای خوا لە هەر پێنجیان بێت، وە ئامۆژگاریشی کردوین کە هەر کەسێك لە دوای ئەمانەوە هات و بە شێوەی ئەمان ڕەفتاری کرد ئەوا لەسەر ڕێگا ڕاستەکەیە، جا بۆیە لە فەرمودەی حەوتەمدا بە ڕاشکاوی سەرچاوەی لێوەگرتنمان بۆ دیاری دەکات لە ((مەشخەڵەکانی ڕێگاکە)) دا.

## فەرمموودەی حەوتەم

### زانیارییەکانی (مەشخەڵەکانی)ڕێگەکە

عَن ابن عَبّاس قال:

خَطَبَ رَسُولُ اللهِ ﷺ النَّاسَ فِي حَجَّةِ الوَداعِ فقال:

((يَاأَيُّهَا النَّاسُ! إنِّي قد تَرَكْتُ فيكم ما إنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ فَلَنْ تَضِلُّوا أَبَدًا: كِتَابَ اللهِ وَسُنَّتِي))

( ئەم فەرموودەیە ئیمامی حاکم ڕیوایەتی کـردووە بـەژمارە 93/1 وە بەیهـەقی 114/10 وە ئیمـامی ئـیبن حـزم لـەئەحکامـدا بـەژمارە 809/6 ڕیوایـەتیان کردووە).

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کـوڕی عەباسـەوە (ڕەزای خوایـان لێبێـت) فـەرمووی: پێغەمبەر ﷺ ووتاری بۆ خەڵك دەدا لـە حەجی ماڵئاواییدا وە فـەرمووی: ئـەی خەڵکینە من لـەناو ئێوەدا بەجێم هێشتووە بۆتان، ئەگەر دەستی پێوە بگرن ئـەوا هەرگیز گومڕا نابن: پەڕاوی خوای گەورە (القرآن) ڕێوشوێنی من ((سونەتەکانم بە گشتی)).

پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەی شەشەمدا بە شێوەیەکی گشتی پێی ڕاگەیاندین کـە کامە ڕێگا ڕاستەکەیە بەڵام لـە فەرموودەی حەوتەمدا جوانتر فێرمان دەکات کە سەرچاوەی دینی ئێمە کامەیە، بەوەی بۆمانی دیاریکردووە کە بە تەنها ((قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی خۆیـەتی ﷺ وە ئەگـەر دەسـتمان گـرت بـەم دوو سەرچاوەیەوە ئەوا هەرگیز گومڕا نابین. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئایە ئـەو دوو سەرچـاوەیە بـە ڕاڤـەی هـەر کەسـێ خـۆی بیـەوێ یـان ئەوکەسانەشـی بـۆ

**دیاریکردوین کە مافی ئەوەیان هەیە لەو سەرچاوانە بدوێن ئەوە لە فەرموودەی هەشتەمدا دەبینین انشا الله لە جیابونەوەی ڕێگاکەدا.**

## فەرمودەی هەشتەم

## جیاکردنەوە (جیابوونەوە)

**عَن أبي هُرَيرَةَ قال:**

**سُئِلَ رسُولُ اللهِ ﷺ: أيُّ الناسِ خَيْرٌ؟ فقال:**

**((أَنا، والذين مَعِي، ثم الّذين على الأَثر، ثم الّذين على الأَثر)) ثم كأَنَّهُ رَفَضَ مَن بَقِيَ.**

**(ئەم فەرموودەیە ئیمام ئەحمەد بەژمارەکانی 297/2، 340 وە ئەبو نوعەیم لە (الامامە)دا بەژمارە/3 ڕیوایەتیان کردووە).**

**<u>واتە</u>: لە ئەبو هورەیرەوە فەرمووی: پرسیار کرا لەپێغەمبەری خواﷺ کام کەسە باشترینی خەڵکە؟ فەرمووی: من، وە ئەوانەی لەگەڵ مندان، پاشان ئەوانەی لەسەر شوێنەواری ئەوانن، پاشان ئەوانەی لەسەر شوێنەواری ئەوانن، پاشان هەروەکو بڵێی کەسی نەهێشت کە مابێت.**

**دەزانین کە ڕێگا ڕاستەکە کامە بوو، ئەوە بوو کە جێنشینە ڕێنمویکراوەکانی لەسەر بوو، بۆچی ڕێگاکە ڕاست بوو، چونکە کاریان بە قورئان و فەرموودە صەحیحەکان دەکرد، ئێستا لە فەرموودەی هەشتەمدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە چۆن ئەو کەسانە بناسین تا شوێن ڕێبازی ڕاست بکەوین و لەسەر ڕێگا ڕاستەکە بمێنینەوە.**

زۆر بە ڕاشکاوی پێغەمبەر ﷺ بۆمانی ڕونکردوەتەوە کە ڕێگا ڕاستەکە ئەوەیە کە خۆی ﷺ لەسەری بووە پاشان ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون لە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت دوای ئەوانیش ئەوانەی کە شوێن هاوەڵان کەوتوون لە دوای ئەوانیش شوێنێکەوتووانی هاوەڵان، ڕەحمەتی خوایان لێ بێت واتە (( پێشینە چاکەکان)) کەواتە ئەم دینە کە ڕێگەی ڕاستی تیادا ڕون و ئاشکرایە ئەوەیە کە قورئان و فەرموودەی صەحیح بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکان، جا هەر کەسێکت بینی موسڵمان بوو وەکو ئەوان دینداری دەکرد ئەوا بزانە لەسەر ڕێگا ڕاستەکە بە فەرمانی خوای پەروەردگار.

لێرەدا کەسێك پرسیارێك دەکات و دەڵێت ناتوانین لەناو خەڵکی ئەم سەردەمەدا ئەو کۆمەڵە پاکە کە فەرموودەکان باس دەکات جیای بکەینەوە چونکە هەموو خەڵك بە گوێرەی ئارەزووی خۆی دینداری دەکات، لە وەڵامدا هەر بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دەدەینەوە و مژدەی دەدەینێ کە سوپاس بۆ خوا کۆمەڵێك هەر دەمێنن لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستە کە ئەوەش لە فەرموودەی نۆیەمدا دەبین.((خێر هەر دەمێنێت و ماوە)).

## فەرموودەی نۆیەم

### خێر بەردەوامە و دەمێنێت

عن مُعاوِيَةَ رَضِيَ اللهُ عنه قال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ:

((لاَ تزَالُ طَائِفَةٌ مِن أُمَّتِي قَائمَةٌ بِأَمْرِ اللهِ، لايضرُّهُم مَنْ خَذَلَهُمْ، ولا مَن خَالَفَهُم، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ، وَهُمْ ظَاهِرُونَ على النَّاسِ.

(ئیمامی بوخاری بەژمارە 250/13 وە ئیمامی موسلیم بەژمارە 1037 ڕیوایەتیان کردووە لە موعاویەوە).

**واتە:** لە موعاویەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەردەوام کۆمەڵێك لەئوممەتم دەستیان گرتووە بەشەرعی خواوە، زیانیان پێ ناگەیەنێت، ئەوانەی دەیانەوێت بیانشکێنن، وە ئەوانەی سەرپێچیان دەکەن، هەتا ڕۆژی قیامەت دێت، ئەوان دیارن بەسەر خەڵکەوە بەهۆی بوونی بەڵگە بە دەستیانەوە.

* مەبەست لەو کۆمەڵە ئەوانەن کە لەناو خەڵکدا دیارن بە دوو سیفەت زانست و کردار کە هەردوکیان تەواوکەری یەکترن.

ئەم فەرموودەیە موژدەیەکی گەورە دەداتە ئەو موسڵمانانەی کە پابەندن بە پەیرەوکردنی دینی خوا وەکو پێشینە چاکەکان لە بیروباوەڕ و فیقهو خوڕەوشت و هەڵسوکەوتدا کە دڵتان لە خۆتان دانەمێنێ ئەو خێرە پاکە هەر ماوە و دەمێنێ با کەمیش بێت گرنگ لەسەر حەق بوونە، واتە ڕاستە لەناو خەڵکدا نامۆن چونکە ئەو خەڵکە سەریان لێ شێواوە و ڕێگە ڕاستەکەیان لێ گۆڕاوە بەڵام ئەم کۆمەڵە کەمە خۆشبەختی نەبڕاوەیان بۆ هەیە انشاالله بە پەیوەست بونیان

بەو ڕێگا ڕاستەوە، بەڵام ئەی کۆمەڵی پاکی کەم ئەوەی لەسەر شانتە بۆ ئەنجامدانی کارێکی قورس و گرانە ئەویش بانگردنی خەڵکە بۆ لای ئەو ڕێگا ڕاستە تا ئەوانیش سەرفرازبن وەکو خۆت انشاءالله کە ئەوەش لە فەرموودەی دەیەمدا دەیبینین ((خۆچاککرد و چاکخوازی خەڵکی)).

لا اله الا الله محمد رسول الله

## فەرموودەی دەیەم

## خۆ چاککردن وچاکخوازی

**عن سَهْل بن سَعْد،قال:**

**قال رسول الله ﷺ:**

**((إنَّ الإسلامَ بدأَ غريباً وسيعود غريباً، فَطُوبى للغُرباء)).**

**قالوا: يارسولَ اللهِ! وما الغُرباء؟ قال:**

**((الّذِينَ يُصلحون عند فَسَادِ النَّاسِ)).**

(ئیمامی (طبراني) لە (الکبیر) بەژمارە/5867 وە لە (الصغیر) بەژمارە/1055 و(الدولابي) بەژمارە 193/1 ڕیوایەتیان کردووە).

**واتە:** لە سەهلی کوڕی سەعدەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺفەرمووی: ئیسلام بەنامۆیی دەستی پێ کرد، وە بەنامۆیی دەگەڕێتەوە، خۆشبەختی بۆ نامۆکان. فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ نامۆکان کێن؟ فەرمووی: ئەوانەی خۆیان یان خەڵکی چاك دەکەن لەکاتی گەندەڵ بوونی خەڵکیدا.

**تێبینی:** ووشەی (یصلحون) بەدوو شێوە دەخوێنرێتەوە:

1- ئەگەر بە (ضەم) بێت، واتە (یُصلحون) ئەوا بەمانای چاکخوازی بۆ خەڵکانی تر دێت.

2- ئەگەر بە (فەتحە) بێت، واتە (**یَصلحون**) ئەوا بەمانای چاکسازی لە خۆدا دێت.

لە دوای ئەوەی کە ڕون بویەوە کە ڕێگا ڕاستەکە کامەیە و کۆمەڵەکەش ئاشکرابوون کە نامۆن لەناو خەڵکدا و سەرەڕای نامۆیشیان بانگەواز دەکەن

دوو کاری زۆر گەورەیان لەسەر شانە ئەوانیش چاکسازییە بە بەردەوامی (( خۆ چاککردن و هەوڵدان بۆ چاککردنی خەڵکی)) و گێڕانەوەیان بۆ ڕێگا ڕاستەکە.

جا خۆ چاککردنەکە شتێکی خودییە بەڵام بە خەڵك چاککردنەکە دەوترێت بانگەواز بۆیە پێویستە بانگخواز بزانێ یەکەم شتێ کە خەڵکی بانگ دەکات بۆ چاککردنیان چییە؟ ئەوە لە فەرمودەی یازدەهەمدا دەبینین انشاءالله (( خوا بە یەکگرتن)).

## فەرموودەی یانزەهەم

## خوا بەیەک گرتن

عن ابن عَبَّاسٍ قال:

لَمَّا بَعَثَ النبيُّ ﷺ مُعاذاً إلى نَحْوِ أَهْلِ اليَمَنِ قال له:

((إنَّكَ تَقْدِمُ عَلى قَوْمٍ مِن أهْلِ الكتابِ، فَلْيكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعوهم إلى: أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ تعالى: فإذا عَرَفُوا ذالك: فَأَخْبِرْهُم أَنَّ اللهَ فَرَض عليهم خَمْسَ صَلَواتٍ في يومِهِمْ وَلَيْلَتِهم، فَإذا صَلَّوْا: فَأَخْبِرْهُم أَنَّ اللهَ افْتَرَضَ عليهم زكاةَ أَموالِهم تُؤْخَذُ مِن غَنِيِّهِمْ فَتُرَدُّ على فَقيرِهِمْ، فإذا أَقَرُّوا بذلك فَخُذْ منهم، وَتَوَقَّ كَرائِمَ أَمْوالِ النَّاسِ)).

( بوخاری بەژمارە/ 7372 وە موسلیم بەژمارە/ 19 ڕیوایەتیان کردووە).

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە، فەرمووی: کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ موعازی کوڕی جەبەلی بەرەو لای خەڵکی یەمەن نارد پێی فەرموو: تۆ بەرێ دەکەویت بۆسەر نەتەوەیەك لە ئەهلی کتێب (جولەکە وگاور)، یەکەم شت کە دەبێت پێی هەڵسیت بانگ کردنیانە بۆ بە تەنها خواپەرستی، ئەگەر ئەوە فێربوون ئەوا هەواڵیان پێ بدە کە خوا پێویستی کردووە بەسەریاندا کردنی پێنج نوێژە لە شەو ورۆژیاندا، ئەگەر نوێژیان کرد، ئەوا هەواڵیان پێ بدە کە خوای گەورە لەسەریانی پێویست کردووە کە زەکاتی ماڵەکانیان بدەن، لە دەوڵەمەندەکانیان وەرگرە ودابەشی بکە بەسەر هەژارەکانیاندا، ئەگەر دانیان بەوەدانا لێیان وەربگرە، خۆت بپارێزە لەوەی کە تەنها ماڵە باشەکانیان وەربگریت.

فەرموودەکە ڕێگای بۆ بانگخواز دیاری کردووه کە دەبێت لە چییەوە دەست بە کاری بانگەوازەکەی بکات بۆ لای خوای پەروەردگار کە ئەویش بە تەنها یەك خواپەرستیە ((التوحید)) کەئەمەش خۆی لە ووشەی پاك و پیرۆزی ((لاالە الا الله)) دا خۆی دەنوێنێ بە واتا هیچ خودایەك نیە بە حەق جگە لە زاتی پاکی الله کەشایەنی پەرستن بێت، پێت سەیر نەبێت کە دەڵێن ((یەك خوا)) چونکە وەکو ئاشکرایە لەسەر ئەم زەویەی ئێمەی مرۆڤی لەسەر دەژین چەندەها خوای درۆینە هەیە کە مرۆڤەکان خۆیان دروستیان کردووە دەپەرسترێت جگە لە الله وەکو بوذا لە بەشێکی گەورەی ڕۆژهەلاتی ئاسیا وە مانگا لە ولاتی هیندستان و مانگ و خۆر لەلای مرۆڤە سەرەتایەکانی ناو دارستانەکانی کەمەرەی زەوی و جنۆکە لەلایەن ساحیرەکانەوە و گۆڕی پیاوچاکان کە خۆیان دوورن لەو پەرستشە کە بۆیان دەکرێت وەکو شێخ جونەیدی بەغدادی و شێخ عبدالقادری گەیلانی و کاك ئەحمەدی شێخ و ئیمامی عەلی و حوسەینی کوڕی ڕەزای خوایان لێ بێت وە هەندێکی دی لەو گۆڕانەی کە تا خۆیان لە ژیاند بوون گۆڕ پەرست بوون بۆیە دوای مردنی خۆیان گۆڕەکانی خۆیشیان بونەتە پەرستگای هاوبەش پەیداکەران وەکو ((ئیبن و عەرەبی و حەلاج و ئیبن و الفارض و ئەبا یەزیدی بەسطامی هەر کەسێکی دی کە لە ڕێگەی ئەم هاوبەش پەیداکەرانەوە بڕوات و پەرتوکی ئەوان بخوێنێتەوە و قوتابیان لەسەر ئەو پەرتووکانە پەروەردە بکات. وە لە سەروو هەموویانەوە گۆڕی پێغەمبەران کراونەتە شوێنی پەرستنی غەیری خوا کە خۆیان لێ دوورن لە دونیا و دوا ڕۆژیشدا چونکە تا لە ژیاندا بوون بانگەوازی خەڵکیان کردووە کە دوورە پەرێزبن لە پەرستنی گۆڕی پیاو چاکان وەکو (( وەدو سواعو یەغوثو یەعوقو نەسر)) کە ئەمانە پیاو چاکانی قەومی نوح بوون سەلامی خوای لێ بێ، وەکو

خوای پەروەردگار باسی دەکات بۆمان و دەفەرموێت (( وَلَقَدْ بَعْثنا فِيْ كُلِ أُمـةٍ رَسولاً أنِ أعبُدُوا الله و اجْتِنبوا الطاغوتْ)) سورەتی نەحل 36.

**واتـە:** بە دڵنیاییەوە ئێمە بۆ هەموو ئومەتێك پێغەمبەرێكمان ڕەوانە كردووە كـە بە تەنها زاتی پـاكی الله بپەرسـتن و دووركەونـەوە لـە پەرسـتنی طـاغـوت. وە طاغوت بەو كەسە دەگوترێت كەوا پەرستشی بۆ بكرێت و ڕازییە بەو كارە.

جا لەو گۆڕانەی كە جگە لـە خـوای گـەورە دەپەرسـترێت گـۆڕی پێغەمبـەر یونسە كە بە درۆ دەگوترێت لـە شاری موصڵەو خۆی لـە فەلـەسطین مـردووە بەڵكو ئەوەی شاری موصڵ گۆڕی پیاوێكی گاور بووە كە خـەڵكی بـە باشـیان زانیـوە بـۆ ئـەوەی مـافی پەرستـشی پێبـدەن نـاوی پێغەمبـەر یونـسیان ﷺ لـە گۆڕەكەی ناوە. جا ئەمە كۆمەڵێك نمونـەی بـچوكن لـەو هـەزاران خـودا بـە ناحەقەی كە خەڵكی بۆ خۆیانیان داناوە و دەپەرسترێن جگە لـە زاتی پـاكی الله، وەكو كوردەواری دەڵێن (( مشتێ نمونەی خەرمانێكە)) .

جا ئازیزم بۆیـە پێغەمبـەری خۆشەویـست ﷺ كـاتێ موعـازی كـوڕی جەبـەل دەنێرێت بۆ یەمەن بۆ بانگكردنیان بۆ ئیسلام پێی دەفەرموێت یەكـەم شـتێ كـە بانگیان دەكەیت بۆ دینی ئیسلام ((یەك خوا پەرستیە)) تەماشا بانگخوازی ئـازیز لە دوای ئەوەی كە خۆت لـەسەر ڕێگا ڕاسـتەكەیت و دەتـەوێت خـەڵكی لـە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بكەیت بەرە و بەهەشت پێویـستە چـاو لـە پێـشەواكەت بكەیت كە موحەمەدە ﷺ چونكە كاتێ خەڵكی مەككەی بانگ دەكرد بـۆلای دینی ئیسلام پێی دەفەرموون بڵـێن (( لا الـە الا الله)) سـەرفراز دەبـن وە هـەر ئەمـەش فـەرمانی خـوای پـەروەردگارە بـۆ بەنـدە موسـڵمانەكانی خـۆی و دەفەرموێت (( فاعلمْ أنَهُ لا الە الا الله)) سورەتی موحەمەد ئایەتی (﴿١٩﴾).

**واتە**: بزانە کەوا هیچ خودایەك نیە شایەتی پەرستن بێت بە حەق جگە لـە الله))
وە ئەوەش بزانە بانگەوازکاری ئازیز ئەم وشە خاڵی جیاوازی نێوان بیٚ بـاوەڕ و باوەڕدارە واتە دەبێت تۆ خـەڵکی بـانگ بکـەیت بـۆ لای ئـەم ووشـە و تێیـان گەیەنی و شارەزایان کەیت چونکە ئەگەر کەسیٚ نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێـت و حەج بکات و زەکات بدات و خێربکات بەڵام لە گۆڕی بپارێتـەوە و هـاوار بکاتە غەیری خوا ئەوا بیٚ بـاوەڕە و نەچـووەتە نـاودینی ئیـسلام، لەبەرامبـەردا هاوەڵی وا هەبووە کە باوەڕی هێنـاوە و لـە مانـای لا الـە الا الله تێگەیـشتووە دوای ئەو شەهیدکراوە و نە نوێژی کردووە و نە ڕۆژ و نە حەج و نە زەکاتیش کەچی خوای پەروەردگار لێی خۆش بووە هەروەکو پێغەمبـەر دەفـەرموێت ﷺ ((مَنْ مات و هو یعلم أنَهُ لا الا الله دَخلَ الجَنَة)) ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بە ژمارە (﴿/﴾) ڕیوایەتی کردووە. بەڵام بەمەرجیٚ لـە ماناکـەی تێبگـات و ڕازی بێت بە دینەکەی و دڵی دامـەزراوبێت بەرامبـەری و دوودڵ نـەبێت لـە پەرستش و توانای خوای پەروەردگار و مل بـۆ شـەریعەتەکەی کـەچ بکـات و هەموو شتێکی بە ڕاست بزانیٚ و کردەوەی پیٚ بکات و ئـەو کەسـانەی خـۆش بوێت کە دەی پەرستن و لەسەر ئەو بیروبۆچونەش بمرێت بە دڵنیاییەوە دەچـێتە بەهەشتی حوای پەروەردگار کەواتە دەبێت ئەوە بزانی کە ووشەی تەوحید واتە شـەهادەتەین (( أشـهد أن لا الـە الا الله و أن محمـد رسـول الله)) ئـەوەی کـە ڕابوورد لە ڕونکردنەوەی بەشی یەکەمی تەوحیددا بوو کە خۆی لە ئیخلاصـدا واتە نیازپاکی دا دەبینێتەوە بە واتا زۆر بە نییەتێکی پاکەوە خـوای پـەروەردگار بپەرستیت و هاوبەش بۆ پەیدانەکەیت کە ئـەوە یەکـەم شـتێکە دەبێـت هـەموو مرۆڤێك باوەڕی پێی هەبێت و کە باوەڕی پێـی بـوو ئـەو جـا دێتـە نـاو دیـنی ئیسلامەوە، بۆیە بانگخوازی دڵپاك نەکەی تا ئەمە نەگەیەنی شتی تری بـۆ بـاس

بکەی چونکە هەموو شتێك لەسەر ئەمە وەستاوە کە ئەمە دامەزرا ئەوا ئەوانی دیش بەهێز و دامەزراو دەبن، زۆرم پێ خۆش بوو ئەم ڕونکردنەوەیە لەسەر ووشەی یەکخوا پەرستی باسی بکەم هەرچەندە شایەنی زیاترە بەڵام دەتوانی بگەڕێتەوە بۆ پەرتووکی زانایان لەو بارەیەوە خوا یارمەتیت بدات.

ئەم فەرموودەیە ڕێگە خۆشکەر بوو تا لە بنچینەی دووەم تێبگەین کە ئەویش شوێن کەوتنی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوایە ﷺ بێ هیچ پێچ و پەنایەك دوو بنچینەکەش (( اخلاص = نیازپاکی ، ابتاع = شوێن کەوتنی ڕاستەقینە)) کە ئەمەش لە فەرموودەی دوازدەهەمدا تێدەگەین.



## فەرموودەی دوانزەیەم

### شوێن کەوتن

عن جابر بن عبدالله، قال:

كان رسولُ الله ﷺ إذا خَطَب احْمَرَّت عَيْناه، وَعَلاَ صَوْتُهُ، واشْتَدَّ غَضَبُهُ، حتى كأَنَّه مُنْذِرُ جَيْشٍ، يقولُ: صَبَّحكم ومَسَّاكم، ويقول:

((بُعِثْتُ أنا والساعَةَ كهاتَيْنِ)) ويَقْرِنُ بين إصْبَعَيْهِ السَّبابةِ والوُسْطى، ويقولُ: أَمَّا بَعْدُ فإنَّ خيرَ الحديثِ كتابُ اللهِ، وخَيْرَ الهُدى هُدى مُحَمَّد وشَرَّ الأُمورِ مُحْدثاتُها، وكُلُّ بِدعةٍ ضَلالَةٌ)).

(ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 867 ڕیوایەتی کردووە لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە).

<u>**واتە:**</u> لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك ووتاری دەدا چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕا، دەنگی بەرز دەکردەوە، تووڕەبوونێکی زۆر بەنێوچاوانیەوە دەردەکەوت، هەتا وەکو بڵێی سوپایەك بەڕێوەیە، وە دەیفەرموو: لە بەیانیانتان وئێوارەتاندا[1]، وە دەیفەرموو: هاتنی من وهاتنی ڕۆژی دوایی وەکو ئەودوانە وایە، کە هەردوو پەنجەی لەیەك نزیك دەکردەوە کە ئەوانیش پەنجەی شەهادەت و پەنجەی ناوەڕاستە کە هیچیان لەنێواندا نییە، وە دەیفەرموو: لە پاشاندا باشترین ووتە قورئانە، وە باشترین ڕێنموییکار ڕێنمویکردنی موحەمەدەوە ﷺ خراپترین

---

(1) واتە وتاری دەدا کە ئاگادارکردنەوە بێت بۆ هاتنی سوپایەك کە ئەو سوپایە بدات بە سەرتاندا یان لە بەیانی یان لە ئێوارەدا.

کاریش ئەو کارانەیە کە لەدینـدا نییـە و پەیوەنـدی بەدینـەوە هەیـە(2) لەهـەمان کاتیشدا داهێنراوە، وە هەموو داهێنراوێکیش لەئاگردایە.

هــەروەکو لــە فــەرموودەی یانزەهەمــدا کەســێك لەســەر بەشــی یەکــەمی یەکخواپەرستی دواین انشاءالله لێرەیشدا کەمێك لەسەر بەشی دووەمی دەڕۆیـن کە ئەویش شـوێنکەوتنی ڕاسـتەقینەی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ جـا بـانگخوازی هۆشیار ئاگاداربە بە تەنها نیازپاکی بەس نییە لـە بانگەوازکردنەکەتـدا لـە پێنـاو دینی خوای پەروەردگاردا بەڵکو پێویستە لەگـەڵ نیازپاکیەتیەکەتـدا بـە ڕاسـتی شوێن پێغەمبەرەکەت ﷺ بکەویت تا ڕێـزی گـەورەی بانگـەوازکردن بـۆ لای خوا بەدەست بهێنیت.

وە ئاگاداربە کە ئومەتی ئیسلام بە دەست دوو کۆمەڵەوە گرفتارە بـەهۆی کـار و کردەوەکانیانەوە ڕیزی موسڵمانانیان پارچە پارچە کردووە ئەوانیش:

﴿- ئەو کەسانەن کە نیازیان پاکە بـە لای خۆیانـەوە بـەڵام بـە ڕاسـتی شـوێن پێغەمبەر ﷺ نەکەوتوون دەبینیت کردەوە دەکەن بەڵام نـازانن بەڵگـەیان چـیە ئەگەر لێیان بپرسین دەڵێن فلانـە زانـا و مەزهـەب و شـێخ و پیـاو چـاکە وای ووتووە و وای کـردووە بۆیـە ئێمـەش وا دەکـەین واتـە لاسـایکەرەوەن و بـێ

---

(2) خوێنەری بەڕێز مەبەست لەوەی کە پەیوەندی بە دینەوە هەیە وەکو صەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە دوای بانگدان بەڵام ئەنجام دانی ئەم کارە لەلایەن بانگبێژەوە لەسەر بڵند گۆ و بە دەنگی بەرز کارێکی داهێنراوە و بانگبێژانی پێشین ئەم کارەیان نەکردوە و پێمان نەگەیشتووە کە کاری وایان کردبێت بە تایبەتی هەردوو بانگبێژەکەی پێغەمبەر ﷺ بیلالی حەبەشی و ئیبن و ئومی مەکتوم. لەگەڵ ئەوەشدا بزانە ئازیزم صەلاوات دان لەدوای بانگ هەرکەس بۆ خۆی پاداشتێکی گەورەی هەیە وە هەر خودی صەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ پاداشتێکی گەورەی هەیە چونکە فەرموودەمان هەیە لەو بارەیەوە و بە شێوەیەك کە هەر کەسێك صەلاواتێك لەسەر پێغەمبەر ﷺبدات خوای گەورە دە صەلاواتی لەسەر دەدات. بەڵام بزانە برام، خوشکم کە هەرشتێك داهێنراو بوو سەر ئەنجامی بۆ ئاگرە خوا بمانپارێزێت.

زانستی ڕاستەقینەن کە لە پێشینە چاکەکانەوە بە دەستمان گەیشتووە، ئەمانیش دەبن بە دوو کۆمەڵەوە/

أ- ئەو بەناو نیازپاکانەی کە زانستیان هەیە بەڵام زانستێکی لاسایکەرەوەی دوور لە بەڵگەی ڕاست کوێرانە شوێن مەزهەبێکی دیاریکراو دەکەون و کاتێك فەرموودەی ڕاستیان پێ دەوترێت بە گاڵتەیەکەوە دەڵێن لە مەزهەبمانـدا نییە وە پەیوەستیش نابین پێوەی، ئەمەیە وەڵامیان بۆیە دەبینین گاڵتە بە شوێن کەوتووانی ڕاستەقینەی رسول الله ﷺ دەکەن و بە تێکدەریان ناو دەبەن لەبەرئەوەی شوێن ڕێچکەکەی ئەوان ناکەون، ئەم کۆمەڵە خۆیان لەبەرگی خوێندەواردا نیشان دەدەن بە داخێکی زۆرەوە و خەڵکی چەواشە بووە پێیانەوە چونکە وا دەزانن کە زانستی ڕاست و دروست لای ئەوانە و کەس بۆی نییە بڵێ وا نییە.

ب- کۆمەڵی دووەمی بەناو نیاز پاکان خەڵکە هەژارەکەن کەگیریان خواردووە بە دەست پیاو چاکانی ناو کۆمەڵگە وە هەرچییان پێ بڵێن دەیکەن بێ چەند و چوون، جۆرەها عیبادەتیان پێ دەکەن کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە بەڵکو زۆر جار لە دینیش دەچنە دەرەوە پێی وەکو سوژدە بردن بۆ گۆڕی پیاوچاکان بەوەی لە خوا نزیك بنەوە و هاوار لێکردنیان، وە جۆرە هەڵسوکەوتی وا کە پێشینە چاکەکان نەك هەر نەیان کردووە بەڵکو دوورە پەرێزیشن لێی وەکو شمشێر بەخۆداکردن و خەنجەر بەسەردا داکوتان و شوشە و بەرد و موس قوتدان و زمان بە زۆپا داهێنان کە هەر هەموویان سیحر و بێ دینین کەچی لەناو خەڵکدا ئەوە دینە چونکە فلانە پیاو چاك پێ یان دەڵێت ئیتر نازانن کە ئەو بەناو پیاوچاکە بووەتە بەندەی ئیبلیس و شەیتانە لەبەرگی مرۆڤدا هەواڵ

لە غەیب و نادیاری دەدات و شتی ونبو دەدۆزێتەوە و هەواڵ لە داهاتوو دەدات و کوێر و گەلێ نەخۆش چاکدەکاتەوە.

جا ئازیزانم ئەم کۆمەڵەش زۆرخۆیان بە خواناس دەزانن بەڵام چونکە ئەو نیازپاکییەیان لەگەڵ شوێنکەوتنی پێغەمبەردا ﷺ یەکناگرێتەوە نەك هەر پاداشت وەرناگرن بەڵکو پەیوەندیشیان بە دینی ئیسلامەوە بەگوێرەی تاوانەکانیان نامێنێت خوا پەنامان بدات.

۞- بەناو شوێن کەوتوانی ڕاستەقینەی پێغەمبەر ﷺ ئیخلاصیان نییە لە پابەندبونییان بە دینەوە، بۆیە ئەمانیش بوونەتە کۆسپ لەبەردەم باوەڕکردنی خەڵکی بە دینی پاك و پیرۆزی ئیسلام کاتێ خەڵکی سەیریان دەکات و قسەیان دەبیستێ و ڕەفتاریان دەبینێ دینی لەبەرچاو دەکەوێت جا ئەو کارەی کە دەیکەن بۆ ئەوە دەیکەن کە خەڵکی ببیستێ یان ببینێ ئەم کۆمەڵەیان زیاتر لە کاتێکدا دەردەکەون کە موسڵمان دەستەڵاتیان هەبێت بۆ خۆپاراستنیان لە موسڵمانان قسە و کردار دەکەن بەڵام نیتەکانیان خراپە کۆمەڵگە بەرەو خراپەکاری دەبەن خوا پەنامان بدات.

جا بانگخوازی ئازیزم دەبێت تۆ نیازپاکی و شوێن کەوتن گرێ بدەی تا بیتە شوێن کەوتەی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ و خەڵکی کە تۆیان بینی بە قسە وکردارت باوەڕ بکەن خوا بمانگێڕێ لێیان.

کەواتە پابەندبوون بە قورئان و سونەتی صەحیح ئەگەر ئەم دوانەت تیادا بوو ئەوا دەبێت دەرونی خۆت پاك بکەیتەوە لە هەموو خراپەکاریەك و سومعەیەك و ڕیایەك تا بتوانی ڕاستگۆیی لای خوای پەروەردگار و خەڵکیش باوەڕت پێ بکەن ئەمەش لە فەرمودەی سیازدەدا دەبینین ((پاککردنەوەی دەرون لە هەموو خراپە وخراپەکاریەك))

## فەرموودەی سیانزەهەم

### پاككردنەوەی دەروون لە كاری خراپ و خراپەكاری

عن أبي هُريرةَ قال:

قال رسول الله ﷺ: ((مَن يأخذْ عَنّي هؤلاء الكلماتِ فيعْمَلَ بِهِنّ، أَو يُعَلِّمَ مَن يعملُ بِهِنّ؟))، فقال أَبو هُرَيرةَ: فقُلْتُ: أنا يارسولَ الله، فأَخذَ بِيَدي، فَعَدَّ خمساً، قال:

((اتَّقِ المحارِمَ تَكُنْ أعبدَ الناسِ، وارْضَ بما قَسَمَ اللهُ لك تَكُنْ أغنى النَّاسِ، وأحْسِنْ إلى جارِكَ تَكُنْ مُؤْمِناً، وَأَحِبَّ للنَّاسِ ماتُحِبُّ لِنَفْسِك، تَكُنْ مُسْلِماً، ولا تُكْثِرِ الضَّحِكَ، فإنَّ كَثْرَةَ الضَّحِكِ، تُميتُ القَلْبَ)).

( ئیمامی ترمذی بەژمارە/ 2306 وە ئیمامی سونە ئەحمەد بەژمارە 2/ 310 ڕیوایەتیان كردووە).

**واتە:** لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: كێ ئەم چەند ووشەیەم لێ وەردەگرێت تا كردەوەی پێ بكات، وە خەڵكیش فێربكات تا كردەوەی پێ بكەن؟ ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: ووتم من ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەستی گرتم، پێنجی بژارد، فەرمووی: خۆت لە حەرامەكان بپارێزە دەبیتە چاكترین خواپەرست، وە ڕازیبە بەو بەشەی خوا بۆی دیاری كردویت ئەبیتە دەوڵەمەندترینی خەڵكی لە دڵ ودەروون‌دا، وە چاكە بكە لەگەڵ هاوسێكەتدا ئەبیتە باوەڕدارێكی تەواو، وە ئەوەی بۆخۆت پێت خۆشە بۆ خەڵكیش پێت خۆش بێت ئەبیتە موسوڵمانێكی تەواو، وە زۆر پێمەكەنە چونكە پێكەنینی زۆر دڵ دەمرێنێت.

خوێنەری ئازیز لەدوای ئەوەی کە تەوحیدی خوای پەروەردگارت لە خۆتدا بەرجەستەکرد و کردد کە کرداری لە ژیانی ڕۆژانەی خۆتدا دەبێت دەرونی خۆشت پاك بکەیتەوە لە هەموو خراپەکاریەك لە ((خۆ بەزل زانین و ڕق و قینەی بەتاڵ و خۆشەویستی دنیا و خۆشویستنی دوژمنانی خوا و ...هتد)) بە تایبەتی خۆشویستنی ماڵی دونیا چونکە ڕاستگۆیی لە دەست دەدەیت بەرامبەر خەڵکی، بە واتا تاوانبارت دەکەن بەوەی کە هەر خەریکی کۆکردنەوەی ماڵی دونیایت، دەبێت ئەوەندە دەرونت بە قورس بگریت کە هیچ کەس نەتوانێ ڕەخنەت لێ بگرێ لەسەر شتی بێ بایەخ وە دڵنیابە ئەو کەسەی هەمیشە خەریکی پاکڕاگرتنی دەرونیەتی سەرفرازی دونیا و دوارۆژە .

ئەو جا ئەوە بزانە بانگخواز لە دوای پاککردنەوەی دەرونی پێویستە بزانی بانگەواز بە چ شێوەیەك بکات ئەمە ش لە فەرموودەی چواردەیەمدا دەبینین (( سروشتی دین)).

## فەرموودەی چواردەهەم

### سروشتیەتی دین
### (شێوازی ئاسایی دینی ئیسلام)

**عن أبي مُوسى الأشعريِّ قال:**

**كانَ رسولُ اللهِ ﷺ إذا بَعَثَ أَحداً مِن أصحابِهِ في بَعْضِ أمرِهِ قال:**

**((بَشِّروا ولاتُنَفِّروا، ويسِّروا ولاتُعَسِّروا)).**

**( ئیمامی موسلیم بە ژمارە/ 1732 ڕیوایەتی کردووە).**

**واتە:** لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بیویستایە یەکێ لەهاوڕێکانی خۆی وەکو نوێنەر بناردایە بۆ هەندێ کاری خۆی دەیفەرموو: مژدە بدەن و خەڵکی ڕاومەنێن، ئاسانی بکەن لەسەر خەڵکی وقورسی مەکەن.(1)

* مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لەم فەرمودەیە ئەوەیە کە با بانگەوازتان هەمیشە مژدەدان و ئاسانکردنی دینەکەی خوا بێت. تا خەڵکی شوێنی بکەون و لێی ڕانەکەن و دەمتان بە خەندە بێت و بە هانای خەڵکەوە بچن لە خۆشی و ناخۆشیدا.

بانگخواز پێویستە زۆر ئاگادار بێت لە کاتی بانگەوازکردندا چونکە دەبێت هەمیشە دین لای خەڵك خۆشەویست بکات بە مژدە دان و ئاسانکردنی بۆ کردار پێ کردنی و باوەڕ پێ بوونی وە خۆی دووربگرێ لە ڕاونانی خەڵکی و لەسەر قورس کردنیان ئەگەر ئەمانەی جێ بەجێ کرد ئەوا هەمیشە

---

(1) ((قورسی مەکەن)) بە واتا خەڵکی فێری دینەکەیان بکەن وەکو خۆی بەڵام لەکاتی فێرکردنەکەدا لەسەرخۆ و هێمن بن تا بە ئاسانی فێربن و لێی تێبگەن.

بانگەوازەکەی لەبەرەو پێش چوندایە بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوا سەرەتای دەست پێکردنی کەلێن لە بانگەوازەکەیدا دەستی پێ دەکات دەبێت ئاگاداربێت.

## فەرمموودەی پانزەهەم

### سەرەتای دەست پێکردنی کەلێن

**عن أبي هُريرةَ قال:**

**بينما النبيُّ ﷺ في مجلسٍ يُحَدِّثُ القومَ جاءَه أَعرابِيٌّ، فقال: متى الساعةُ؟ فمضى رسولُ اللهِ ﷺ يُحَدِّثُ، فقال بعضُ القومِ: سَمِعَ ماقالَ فَكَرِهَ ماقالَ، وقال بعضُهم: بل لم يسمعْ، حتى إذا قضى حديثَه قال: ((أَينَ أراهُ السائلُ عن الساعةِ))؟ قال: ها أنا يارسولَ اللهِ، قال: ((فإذا ضُيِّعَتِ الأَمانةُ فانتظِرِ الساعةَ))، قال: كيفَ إضاعتُها؟ قال: ((إذا وُسِّدَ الأَمْرُ إلى غَيْرِ أهلهِ فانْتَظِرِ الساعةَ)).**

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا بەژمارەکانی/ 59- 6496 ڕیوایەتی کردووە).

**__واتە:__** لە ئەبو هورەیرەوە( ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە دانیشتنێکدا بوو قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد کە لەو دانیشتنەدا دانیشتبوون کابرایەکی دەشتەکی هات، ووتی: ڕۆژی دوایی کەی دێت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام بوو لەسەر قسەکردنی خۆی (واتە: وەڵامی کابرای نەدایەوە لەوکاتەدا) هەندێك لەوانەی لەویادا دانیشتبوون فەرموویان: گوێی لێبوو پێی ناخۆش بوو پرسیارەکەی، هەندێکی تریان فەرموویان: بەڵکو هەر نەیبیست. هەتا لە قسەکردنەکەی بوویەوە وفەرمووی: لەکوێیە تا ببینم، ئەوەی پرسیاری ڕۆژی دوایی کرد؟ کابرای دەشتەکی فەرمووی: ئائەوە منم

ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەرکاتێك ئامانەت فەوتێنرا چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بکە. کابرای دەشتەکی فەرموی: چۆن ئەمانەت دەفەوتێت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەگەر کارێك درایە دەستی کەسێك وە ئەوکەسە شیاوی ئەوکارە نەبوو ئەوا چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی بکە.

دروست بوونی کەلێن لە بانگەوازدا بەهۆی چەند شتێکەوە دەبێت یەکێك لەوانە کەسێك هەڵبستێت بە بانگەواز بەڵام شارەزای لە دیندا نەبێت چونکە کە شارەزایی نەبوو ئەوا کۆمەڵێك قسە بە خەڵکی دەڵێت کە بەڵگەی لەسەر نییە کە بەڵگەشی لەسەر نەبوو ئەوا خەڵکی تووشی فیتنە دەکات و پارچە پارچەیان دەکات بۆیە پێغەمبەر ﷺ ئەم کارە گەورەی بە ئەمانەت وەسف کرد واتە کاری بانگەواز وە ئاگاداریشی کردینەوە کە هەر کاتێك خەڵکانێك هەڵسان بە بانگەوازکردن لە هەمان کاتیشدا ئەهلی نەبوون یان ڕاسپێردران بەو کارە بەڵام شارەزاییان تیادا نییە ئەوا چاوەڕوانی هاتنی ڕۆژی دوایی بکەین، بۆیە بانگخوازی ئازیز تا تۆ نەچیتە ریزی ئەو کەسانەوە کە ئەمانەتەکە تیا دەبەن دەبێت لەسەر زانست و چاو ڕۆشنی بانگەواز بکەیت تا سەرفرازبیت انشاءالله وە خەڵکی فێری شتێ نەکەیت کە لەدیندا نەبێت، لە فەرموودەی داهاتودا هۆکاری کەلێنەکە ڕوندەبێتەوە بۆمان.

## فەرموودەی شانزەهەم

### هۆکاری کەڵێن

**عن عبدِ اللهِ بن عُمَرَ رضي الله عنهما قَال:**

**سمعتُ رسولَ اللهِ ﷺ يقول:**

**((إنَّمَا النَّاسُ كالإبِلِ المِئَةِ، لاتكادُ تَجِدُ فيها راحِلَةً)).**

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری بەژمارە/ 6498 وە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 2547 ڕیوایەتیان کردووە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت).

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمووی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: خەڵکی وەکو سەد ووشتر وان، ناتوانیت یەکێکی باش لەناویاندا ببینیت کە بەکەڵکی بەکارهێنان بێت بەو مەبەستەی کە دەتەوێت.

**شیکردنەوەیەك:** ئەو فەرموودەیە دووکار دەگرێتە خۆی ئەوانیش (هەواڵێکی ڕاست ودروست، و ڕێنمویی کردنێکی بەسوود).

هەرچی هەواڵەکەیە ئەوا پێغەمبەر ﷺ هەواڵی داوە کە ناتەواویەتی گشتگیر بۆ زۆبەی خەڵکە (واتە: زۆربەی خەڵکی لە کارەکانیاندا ناتەواون) وە ئەوانەی تەواو هەڵدەستن بەکارەکانیان یان (نزیکن لەوانەی بەتەواوی کارەکانیان بەجێ دەهێنن) لەناو خەڵکیدا کەمە، وەکو ووشتر کە ژمارەیان زۆرە بەلاّم بتەوێت لەناویاندا هەڵبژێریت کە بگونجێ بۆ بارو سوارکردن ورۆیشتن وهاتن ناتوانیت کە ببینیت وە هەروەها خەڵکیش زۆرن، ئەگەر بتەوێت لێیان هەڵبژێریت کە بگونجێت بۆ فێرکردنی خەڵك وفەتوادان وپێشەوایەتی خەڵکی ئەوا گرانە کە ببینیت بەشێوەیەکی چاك هەڵسێت بەوکارانە بە پێهەڵسانێکی چاك وتەواو،

ئەوەش ئەم کاتەیە کە ئێمەی تیاین، بەڕاستی خەڵك ستەمکار ونەزانن، وە ستەم و نەزانی هۆکارن بۆ ناتەواوبوونی خەڵکی، وە هەر ئەو ستەم ونەزانینەشە کە ڕێگرە لەوەی مرۆڤ بەرەو تەواوبوون بچێت.

وە هەرچی ڕێنمویی کردنەکەیە ئەوە ناوەڕۆکی هەواڵەکەی پێغەمبەری خوایە ﷺ خۆی بۆخۆی ڕێنمویی کردنە کە دەبێت کۆمەڵێك لەخەڵکی تێبکۆشن وە هەوڵبدەن بۆ پێگەیاندنی پیاوانێك کە بتوانن هەستن بەو کارانە، وە کارێ کە هەمەلایەن وگشتگیر بێت سوودەکەی بۆ هەموانە.

( ئەم شیکردنەوەیە لە کتێبی (بهجة الأبرار)ی شێخ عەبدول ڕەحمان سەعدی دایە).

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر ﷺ هۆکاری ئەو کەلێنە دیاری دەکات کە ئەویش دوو هۆکاری بنچینەیی ((ستەمکردن و نەزانین)) کە هەردووکیان لە هەرکەس و کۆمەڵێکدا هەبن گەندەڵیان دەکەن بە جۆرێك بۆ هیچ کارێك بەکار نایەن و نەشیاون چونکە ستەمکردن فەرمان بەخراپە دەکات و وازت لە چاکە پێ دێنێ وە نەزانینیش هەنگاوی هەڵەت پێ دەنێت بەڵام بانگخوازی ئازیز ئەمە نابێت ببێتە هۆی ساردبوونەوە بەڵکو لەم دوو عەیبەوە فێر بین کە ستەم نەکەین و خۆمان فێری زانستی شەرعی بکەین چونکە بەم دووانە ڕزگارمان دەبێت لە تیاچوون لە دونیا و دوارۆژدا خوا بمانپارێزێت، وە چارەسەری کەلێنەکە لە فەرموودەی داهاتوودا باسی دەکەین.

## فەرموودەی حەڤدەهەم

### چارەسەری کەلێنەکە

**عن تَميمٍ الدَّاريِّ قال:**

**قال رسولُ اللهِ ﷺ :**

**((الدِّينُ النَّصيحَةُ، الدِّينُ النَّصِيحَةُ، الدِّينُ النَّصِيحَةُ)).**

**قُلنَا لِمَنْ يا رسول اللهِ؟ قال:**

**((لِلّهِ، ولكتابهِ، ولرسولِه، وَلأئّمةِ المُسْلِمِينَ وعامَّتِهِمْ)).**

**(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 54 ڕیوایەتی کردووە).**

**واتە: لە تەمیمی دارییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دین ئامۆژگارییە، دین ئامۆژگارییە، دین ئامۆژگارییە. ووتمان: بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: بۆ خوا[1]، بۆ قورئانەکەی، وە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە بۆ پێشەوایانی موسوڵمانان، وە بۆ ئەو خەڵکە گشتییە سادەیەی لەو شوێنەدا دەژین.**

*** لە گێڕانەوەی (مسلم)دا بە یەکجار باسی (الدین نصیحة) کراوە وە ئەو سێ جارەی کە هاتووە لە (مسند)دایە.**

---

(1) مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لە ئامۆژگاری بۆ خوا ئەوەیە کە ((دین فێرمان دەکات کە چۆن پەرستشی خوای خۆمان بکەین و پەیڕەوی دینەکەی بین)) ئەمەش ڕاڤەی زانایانی پێشینمانە لەو بارەوە وەکو ئیبن و ڕەجەب لە کتێبی ((جامع العلوم والحکم بەرگی یەك، لاپەڕە رَمَضَان مُحَرَّم صَفَر — شَوَّال صَفَر صَفَر)) دەفەرموێت ((فمعنی النصیحة لله سبحانه: صحة الأعتقاد فی وحدانیته، وإخلاصُ النیة فی عبادتِهِ))

واتە: بیروباوەڕمان بە شێوەیەکی ڕاست بێت لە بە تەنها خواپەرستنیدا وە نیازمان پوخت بێت لە پەرستنیدا.

* **مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لە (پێشەوایانی موسڵمانان) دوو کۆمەڵن (کاربەدەستان و زانایانن).**

**چارەسەری ئەو کەلێنەی کە باسمان کرد تەنها بە ئامۆژگاری کردنە. بە واتا خۆ فێرکردنی دینە چونکە دین ڕێگەی خواناسیمان پێشان دەدات وە ڕێنموییمان دەکات بۆ تێگەیشتنی قورئان وە فەرمانمان پێ دەکات بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ و کردنە پێشەوا وتاجی سەری هەموو کەسێك وە دین فێرمان دەکات چۆن لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت بکەین و بزانین سنوری کار بەدەست و هاولاتی کامەیە کە ئەمانەمان زانی ئەوا خۆمان لە نەزانین پاراست و بەهۆی زانینەکەشمانەوە ستەم نە لەخۆمان دەکەین وە نە لەخەڵکیش کە ئەمەشمان جێ بەجێ کرد ئەوا دەگەینە ئەو بارودۆخەی کە خۆمان دەمانەوێت لە فەرموودەی داهاتوودا.**

## فەرموودەی هەژدەهەم

## ئەو بار ودۆخەی کە ئێمەدەمانەوێت

عن أبي هُريرة قالَ:

قال رسولُ الله ﷺ :

((إنَّ مِن عِبَادِ اللهِ عِبَاداً لَيْسُوا بأَنبِياءَ، يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ والشُّهَداءُ)) قيل: مَنْ هُمْ؟ لَعَلَّنَا نُحِبُّهم! قال:

((هُم قَوْمٌ تَحَابُّوا بِنُورِ اللهِ مِنْ غَيرِ أَرْحَامٍ ولا أَنْسَابٍ، وُجُوهُهُمْ نُورٌ، على مَنابِرَ مِن نورٍ، لا يخافونَ إذا خافَ النَّاسُ، ولا يحْزَنونَ إذا حَزِنَ النَّاسُ)).

ثم قَرَأَ: ﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ يونس:62

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی (طبراني) لە تەفسیرەکەیدا بەژمارە 11/ 132 ڕیوایەتی کردووە).

**واتە:** لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لەناو بەندەکانی خوای گەورەدا بەندەی وا هەن کە لەپێغەمبەران نین (علیهم الصلاةوالسلام) بەلاّم لەهەمان کاتدا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و شەهیدەکان ئاواتیان پێدەخوازن کە وەکو ئەوان وابونایە. ووترا: ئەوانە کێن؟ بەڵکو خۆشمان بوێن! فەرمووی: ئەوان قەومێکن (نەتەوەیەکن) یەکتریان خۆشدەوێت خۆشەویستییەك کە دینەکەی خوا بۆی دروست کردوون وە خۆشویستنەکەیان دینە و پەیوەندی خزمایەتی و پشتایەتی نییە، ڕووەکانیان ڕۆشناییە وە لەسەر بڵندگۆکانی ڕۆشنایین، ناترسن کاتێك کە خەڵکی لە ترساندان، وە خەفەت ناخۆن کاتێك کە خەڵکی لە خەفەت خواردندان. پاشان

ئەم ئایەتەی سورەتی یونسی خوێند کە دەفەرموێت: ﴿ ئایا دۆستانی خوا سیفەتیان وانییە کە لە داهاتوو نەترسن وخەفەت لە ڕابردووش نەخۆن﴾.

لە فەرموودەی ڕابردوودا فێربوین کە بەزانست و دادپەروەری ڕزگاری بە دەست دەهێنین کە زانا و دادپەروەریش بووین ئەوا یەکترمان خۆشدەوێت کە خۆشەویستی بنچینەی سەرکەوتنی کارەکانە چونکە بەبێ خۆشەویستی هیچ کارێك ناکرێت ئەگەر بشکرێت ئەوا کەم و کورت دەبێت و لە توانج ڕزگاری نابێت، بۆیە پێغەمبەر ﷺ وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە یەکتریان خۆش دەوێت لەبەر خوا و بەس کە پێغەمبەران و شەهیدەکان ئاواتەخوازن کە وەك ئەوان وابونایە دەزانن بۆچی لەبەرئەوەی خۆشەویستانم ئەگەر مرۆڤەکان یەکتریان خۆش ویست ئەوا مافەکانی یەکتر پێشێلناکەن کە مافی یەکتریان نەخوارد ئەوا کۆمەڵگەیەکی بەختەوەریان لێ دروست دەبێت و سەرفراز دەبن بۆیە دەبێت بزانین مافەکانمان کامانەن لە فەرموودەی داهاتوودا دەیگەینێ انشاءالله.

## فەرموودەی نۆزدەهەم

### مافەکان

**عن أبي هُريرةُ قال:**

**قال رسولُ الله ﷺ :**

**((حَقُّ المُسْلمِ على المُسْلِمِ سِتٌّ)).**

**قالو: ماهُنَّ يا رسولَ اللهِ؟ قال:**

**((إذا لَقِيَه سَلَّمَ عليهِ، وإذا دَعاهُ أَجابه، وإذا اسْتَنْصَحَ نَصَحَهُ، وإذا عَطَسَ فَحَمِدَ اللهَ يُشَمتُهُ، وإذا مَرِضَ عَادَهُ، وإذا مات صَحِبهُ)).**

**(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 2162 ڕیوایەتی کردووە).**

**واتە:** لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: مافی موسوڵمان بەسەر موسوڵمانەوە شەشە. فەرموویان: ئەوانە (ئەو شەش شتە) چین ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر پێی بگات سڵاوی لێ دەکات، وە ئەگەر دەعوەتی بکات وەڵامی دەداتەوە، وە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێ بکات ئامۆژگاری دەکات، وە ئەگەر پژمی وسوپاسی خوای کرد دوعای بۆ بکات، وە ئەگەر نەخۆش بکەوێت ئەوا بەسەری دەکاتەوە، وە ئەگەر بمرێت ئەوا هاوەڵی دەکات (تا خستنە ناوگۆڕ).

بەو مافانەی کە لە فەرموودەکەدا باس کراون موسڵمان لە کاتی ئەنجامدانیدا خۆی پێ دەڕازێنینەوە و دەشبێتە هۆی بانگەوازی خەڵکی لە کاتی ئەنجامدانیدا چونکە خەڵکی چاوی لێدەکەن و بە کەسێکی پەیوەست تەماشای دەکەن کە ئەمەش سەرەتایەکە بۆ ئەوەی موسڵمان بەرەو کاری بانگەواز بڕوات بەهۆی ئەنجامدانی دینەکەی لەناو خەڵکدا و بانگکردنیان بۆ ئەنجامدانی، بۆیە دەبێت

**بزانین سەرەتای بانگەوازکردن چۆنە و دەبێت چۆن بمێنێتەوە ئەمەش لە فەرموودەی بیستدا دەبینین.**

## فەرمموودەی بیستەم

## سەرەتای دەست پێکردنی بانگەوازخواز بە بانگەواز

عن إبن عمرقال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ :

((لِكُلِّ عَمَلٍ شِرَّةٌ، وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةٌ، فمن كانتْ فَتْرَتُهُ إلى سُنَّتِي فقد اهْتدى، ومن كانت فَتْرَتُهُ إلى غير ذلك فقد هلك)).

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەد بەژمارە 188 وە 2/210 وە غەیری ئەمیش ڕیوایەتیان کردووە).

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بۆ هەموو کارێك لە سەرەتاوە جموجوڵ وسووربوونێك هەیە لەسەری (واتە: کەفوکوڵییەك)، وە بۆ هەموو کەفوکوڵیەکیش ماوەیەکە پاشان ساردبونەوە هەیە. جا هەرکەسێك ماوەی کەفوکوڵییەکەی لەسەر سوننەتی من بێت ئەوا ڕێنمویکراوە، وە هەرکەسێك کەفوکوڵیەکەی لەسەر غەیری سوننەتی من بێت ئەوا تیاچووە.

ئەی موسڵمانی خۆشەویست و بانگخوازی بەڕێز بزانە کە سەرەتای هەموو کارێك لە هەر بوارێکدا بێت گەرموگوڕیەکی پێوە دیارە جا دینیش بەدەر نیە لەو گەرموگوڕیە کاتێك کەسێك موسڵمان دەبێت یان موسڵمانێك دەست دەکات بە بانگەوازی خەڵکی دەیبینی زۆر بە پەرۆشەوە کارەکانی سەرشانی بە ئەنجام دەگەیەنێ و کەمتەرخەمی تیادا ناکات جا ئا لێرەدا دەبێت جیاوازی بخەینە نێوان دوو کۆمەڵە مرۆڤ لەم بوارەدا:

کۆمەڵەی یەکەم/ ئەوانەی هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەیاندا دەقاودەق بە گوێرەی قورئان و فەرمووده صەحیحەکانی رسول الله ﷺ دەڕۆن بەرێوە ئەمانە سەرکەوتوو سەرفرازن انشاءالله.

کۆمەڵی دووەمیان/ بەس کەفوکوڵە واتە لەسەر قسەی کەسێ و بە فوتێکردنی کەسێ و لە خۆشەویستی کەسێکدا لە پێناو ڕازیکردنی کەسێکدا لە پێناو دەست کەوتنی ماڵی دونیا ئەوەندە بە گەرموگوڕی کار دەکەن کە ئەم پاڵنەرانە نەمان سارد دەبێتەوە و بەرەو تیا چوون دەچێت خوا بمانپارێزێت.

بۆیە پێویستە لەسەر بانگخواز لەسەرخۆو بە ئارام و لەسەر زانست و لەپێناو خوادا کاربکات تا سەرکەوتوبیت.



فەرموودەی بیست ویەک

## گرنگییەتی هاوڕێیەتی

**عن أبي موسى الأَشعريِّ، قال:**

**قال رسولُ اللهِ ﷺ:**

**(( مَثَلُ الجَلِيسِ الصَّالِحِ والجَلِيسِ السُّوءِ: كحاملِ المِسْكِ وَنَافِخِ الكِيرِ، فَحامِلِ المِسْكِ: إما أَنْ يُحْذِيَكَ وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنه، وَإِمّا أَنْ تَجِدَ منه رِيحاً طَيِّبَةً. وَنافِخُ الكِيرِ: إِمَّا أَنْ يَحْرِقَ ثِيَابَكَ، وإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحاً خَبِيثَةً)).**

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری بەژمارە 4/ 323 وە موسلیم بەژمارە/ 268 ڕیوایەتیان کردووە).

**واتە:** لە ئەبی موسای ئەشعەرییەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نموونەی دانیشتنی چاك وە دانیشتنی خراپ (واتە: هاوڕێی باش وخراپ) وەك هەڵگری میسك و فوکەر لە کورە وایە، وە ئەوەی کە میسکی هەڵگرتووە یان پێت دەبەخشێت یان پێت دەفرۆشێت یان (بەلایەنی کەمەوە) بۆنێکی خۆشی لێوە بۆن دەکەیت. بەڵام فوکەر لە کورە: یان پۆشاکەکەت دەسوتێنێ یان بۆنێکی پیسی لێوە بۆن دەکەیت.

* مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لە هاوڕێی باش، ئەوەیە یان فێرت دەکات بۆ خۆی یان تۆ لێیەوە فێردەبیت یان کارە باشەکانی ئەو تۆش دەگرێتەوە و سوپاس دەکرێیت.

وە هاوڕێی خراپ یان فێری کاری خراپت دەکات یان بەهۆی کارە خراپەکانی ئەوەوە تۆش توشدەکات کاتێك هاوڕێیەتی دەکەیت.

لە دوای ئەوەی کە بانگخواز زانی کە ئەگەر بە گوێرەی قورئان و سونەت بڕوات بەڕێوە ئەوا سەرفراز دەبێت، دەبێت ئەوەش بزانی ئەو کارەی بە تەنها

پێ ناکرێت کەواتە پێویستی بە هاوڕێ دەبێت بۆیە دەبێت بزانی کێ دەکاتە هاوڕێ ی خۆی ئایە کەسێکی ئەهلی سوننە و جەماعەت دەکاتە هاوڕێی ژیانی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات و فێری زانست دەبێت لێوەی یان کەسێکی بیدعەچی دەکاتە هاوڕێ ی خۆی کە هەر هانی لەسەر بیدعەکردن دەدات تا زیاتر لە خوای دوور بخاتەوە بە کارە خراپەکەی، ئاشکرایە کە کەسی یەکەم ڕزگاری دەبێت بەهۆی هاوڕێ ی چاك و کەسی دووەمیش تیا دەچێت بەهۆی هاوڕێ ی خراپەوە بۆیە گرنگی هاوڕێمان بۆ دەردەکەوێت لە ژیاندا بۆیە پێویستە بزانین لەگەڵ کێدا دبین بە هاوڕێ.



## فەرموودەی بیست ودوو

### بنچینەکانی بانگەواز

**عن ابن مسعود قال:**

**قال رسولُ الله ﷺ:**

**((مامِن نَبِيٍّ بَعَثَهُ اللهُ في أُمَّةٍ قبلي، إلاَّ كـان لـهُ مِـن أُمَّتِـه حَوَارِيُّـونَ، وَأصـحابٌ، يأخذون بِسُنَّتِه وَيَقْتَدُونَ بِأَمرِهِ، ثُمَّ إنَّها تخلُفُ مِـن بعـدِهم خُلـوفٌ، يقولـون مـالا يفعَلون، وَيفعلون مالا يُؤْمَرون، فَمَنْ جاهَدَهم بيـدِهِ فهـو مُـؤْمِنٌ، وَمَـن جاهَـدَهم بلسانِهِ فَهوَ مُؤْمِنٌ، وَمَن جَاهَدَهم بقلبِهِ فهو مُؤْمِنٌ، لـيس وراءَ ذالـك مـن الإيمـانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ)).**

**(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 50 ڕیوایەتی کردووە).**

**واتە: لە ئیبن مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هیچ پێغەمبەرێك سەلامی خوای لێ بێت نەبووە پێش من کە خوای گەورە ناردبێتی، ئیللا هەر لە قەومەکەی خۆی کۆمەڵێك پـشتیوانیان هـەبووە، کە ڕێگەکەی ئەویان گرتووە وە فەرمانەکانی ئەویان جێبەجێ کردووە، پاشـان لەدوای ئەوان کۆمەڵێك جێماون کـە قـسەیان دەکـرد بـەڵام کردەوەیـان پـێ نـەدەکرد، وە کـردەوە گـەلێکیان دەکـرد کـە فـەرمانیان پـێ نـەکراوە، جـا هەرکەسێك بە دەستەکانی ڕێگەیان لێ بگرێت ئەوە ئیمانـدارە، وە هەرکەسـێك بە زمانی ڕێگەیان لێ بگرێت ئەوە ئیماندارە، وە هەرکەسێك بە دڵی پێی ناخۆش بێت ئەوەی ئەوان دەیکەن ئەوە ئیماندارە، پاشـان ئەگـەر بـە دڵـیش جیهادیـان نەکات ئەوا بەقەدەر تۆوی خەردەلێك ئیمانی نییە.**

خوێنەری بەڕێز باش بزانە ئەو هاوڕێیەی کە پێشتر باسمان کرد کە پێویستە بیناسین تا هاوڕێیەتی بکەین دەبێت دوو خاڵی تیادا کۆبوبێتەوە ئەوانیش دەبێت هەمیشە فەرمان بکات بە چاکە و نەهی بکات لە خراپە ئەگەر ئەم دوو خاڵەی تیادا بوو ئەوا بزانە هەرکەسێك ببێتە هاوڕێ ی ئەوا بەس بەرەو سەرفرازی دەبیات وە ئەگەر نا فەرمانی پێ بکات بە خراپە و قەدەغەی چاکەی لێبکات ئەوا بەرەو تیاچوونی دەبات، وە بۆ زیاتر شارەزابوون لەو هاوڕێیەی کە بانگەوازی خەڵك دەکات یان بۆ چاکە یان بۆ خراپە پێویستە ڕەوشتی بانگخوازان بزانین تا ئاکار و هەڵسوکەوتیان ڕونبێت لەبەرچاوماندا و بزانین چۆن هەڵیان دەبژێرین.



## فەرموودەی بیست وسێ

## ڕەوشتی بانگەوازکار

عن أنس قال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ :

((ثلاثٌ مُهْلِكَاتٌ وثلاثٌ مُنْجِيَاتٌ:

ثَلاثٌ مُهْلِكَاتٌ: شُحٌّ مُطاعٌ، وهَوىً مُتَّبَعٌ، وإعجابُ المَرْءِ بِنَفسِهِ.

وثَلاثٌ مُنجياتٌ: خَشْيَةُ اللهِ فِي السِّرِّ والعلانية، والقَصْدُ فِي الفَقْرِ والغِنى، والعَدْلُ فِي الغَضَبِ والرِّضا)).

(ئەم فەرموودەیە پێشەوا بەزاز بەژمارە/ 81 وە عوقەیلی بەژمارە 447/3 وە ئەبو نوعەیم بەژمارە 343/2 تەخریجیان کردووە).

**واتە:** لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: سێ شت لە هۆکارەکانی لەناوچوونە و سیانی تر لە هۆکارەکانی ڕزگاربوونە:

سێ شتی لەناوبەرەکە: گوێڕایەڵی پیسکە (چروکی) نەفس، وە شوێنکەوتەی ئارەزوو، وە سەرسوڕمانی مرۆڤ بە نەفسی خۆی.

سێ شتە ڕزگارکەرەکە: ترسان لە خوا لە نهێنی و ئاشکرادا، وە ناوەندێتی لە هەژاری ودەوڵەمەندێتیدا، وە دادپەروەرێتی لەکاتی تووڕەبوون و ڕازیبووندا.

زانینی ڕەوشتی بانگەوازکار یەکێکە لە کارە گرنگەکان چونکە ڕێخۆشکەرە بۆ بەرەو پێشچونی بانگەوازی ئیسلام چونکە ئەگەر ڕەوشتی جوان بوو ئەوا خەڵکی خێرا باوەڕی پێ دەکەن و شوێنی دەکەون وە ئەگەر نا ئەوا خەڵکی

**لێی هەڵدێن و دەشبێتە هۆی ناشرین بوونی دینەکە چونکی خەڵکی ئەو بە پێشەوا دەزانن.**

**لەو ڕەوشتە جوانانەی کە لە بانگخوازدا هەبێت ئەوانەیە کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە وە ئەو ڕەوشتە ناشرینانەش کە بەهەمان شێوە باسکراوە، لەسەر بانگەواز کارە کە خۆی برازێنێتەوە بە هەرچی ڕەوشتێکی جوانە چونکی ئەگەر وایکرد ئەوا قەڵغانێك دەگرێت بە دەستیەوە و پەرژینێك بە دەوری خۆیدا دەکێشێت دژ بە هەموو تانە و توانج و قسەڵۆکێك و کەس ناتوانێ زەفەری پێ ببات.**

## فەرموودەی بیست وچوار

### پەرژینی بانگەواز

**عن أبي هُرَيرةَ، قال:**

**قال رسُولُ اللهِ ﷺ:**

**((لايَفْرَكُ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إنْ كَرِه مِنْهَا خُلُقا رَضِيَ مِنها آخَرَ)).**

**(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 1469 ڕیوایەتی کردووە).**

**واتـە:** لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئیماندار کینەی بەرامبەر ئیماندار نییە، ئەگەر هـاتوو ڕق وکینـەی لە هەڵوێستەیەکی هەبوو، ئەوا لە هەڵوێستەی تری ڕازی دەبێت.

* ئەم فەرمودەیە فێری نەریتێکی جوانمان دەکات ئەویش ئەوەیە کە نابێـت هـیچ موسڵمانێك ڕق لە براو خوشکە موسڵمانەکانی بکێشێت تەنها لەبەر گومـان و نەزانین بە گوێی کەسێك بکات کە دەگونجێت ئەو کەسەی قسەکەت بۆ دێنێت خۆی ڕقی لێبێت. خوا بمانپارێزێت.

* ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ لە بنچینەدا دەربارەی ئافرەتانە وە دەفـەرموێت کە دەبێت پیاوان ئارام بگرن لەسەر ئازارەکانیـان چـونکە هـەموو ڕەفتارێکیـان هەر خراپ نیە بەڵکو شتی باشیشیان هەیە بۆیە دەبێت ئارام بگرن تـا شـیرازەی خێزانیان نەشێوێت و بانگەوازکاریش لەبەرچاو خەڵکدا ڕێزی نەشکێت بەوەی پێی بوترێت لەگەڵ خێزانی خۆیدا خراپە چۆن لەگـەڵ خەڵکـدا بـاش دەبێـت. والله أعلم

لە پاش ئەوەی کە مرۆڤی بانگخواز خۆی ڕازانـدەوە بـە ڕەوشـتە جوانـەکان و دووره پەرێز بوو لە ڕەوشتە نا پەسەندەکان ئەوا پەرژینی دیـنی ئیـسلام دەناسـێ واتە دەزانێ ئەو سنورانە کامەیە کە دینەکەی بۆی داناوە، بەوەی کـە چـاکەی هەموو خەڵکی لەبەرچاودایە و بەچـاوی گومانـاوی و خراپـەکاری تەماشـایان ناکات، ئەگەر خوا نەکردە خراپەیەکیشی لێ بینین ئەوا عوزریان بۆ دەهێنێتـەوە چونکە دەزانێت کەوا مرۆڤ هەمیشە کاری خـراپ ناکـات بـەڵکو تـا کـارێکی خـراپ دەکـات دەیـان و سـەدان کـاری چـاکە دەکـات بۆیـە لـە کـاتی خراپەکردنەکەشدا ئەو کارە چاکانەی دێتەوە پێش چاو و بەتەواوی لەبەرچاوی ناکەوێ، جا کە مرۆڤی بانگخواز ئا بەو شێوەیە سەیری بارودۆخی موسـڵمانانی کرد زۆر بە ئاسـانی دەتوانێـت بارودۆخەکـە هەڵبـسەنگێنێت و تێبگـات کـە ئەمەش لە فەرموودەی بیست و پێنج دا دەبینین.

## فەرموودەی بیست وپێنج

## هەڵسەنگاندنی کارەکان یان ئەندازەدانان بۆ کارەکان

**عن عائشةَ قالت:**

**قال رسولُ اللهِ ﷺ:**

**((ياعائشةُ! لولا أَنَ قَوْمَكِ حَدِيثو عَهْدٍ بجاهليةٍ، لَأَمرتُ بالبَيْتِ فَهُدِمَ فَأَدْخَلْتُ فيه ما أُخْرِجَ منه، وأَلْزَقْتُهُ بالأَرضِ، وجعلتُ لَهُ بابَيْنِ: باباً شَرْقِيّاً، وباباً غَرْبِيّاً، فبلغتُ به أساسَ إبراهيمَ))..**

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری بەژمارە 198/1 وە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 1333 ڕیوایەتیان کردووە).

**واتە:** لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی عائیشە! ئەگەر گەلەکە (نەتەوەکە)ی تۆ نزیك نەبوونایە لە پەیماندا لە نەفامییەتیەوە (واتە: لەسەر ئیسلامەتی تازە نەبوونایە) فەرمانم دەکرد بە ڕووخاندنی ماڵی خوا (کەعبە) ئەوەی لێی دەرکراوە دەمخستەوە ناوی، وە نزمم دەکردەوە (دەرگاکەی) تا لەگەڵ زەویدا ڕێك دەبوویەوە، وە دوو دەرگام بۆ دادەنا، دەرگایەك لە ڕۆژهەڵاتەوە، وە دەرگایەك لە ڕۆژئاواوە، وە دەمگەیاندە سەر بنچینەکەی ئیبراهیم ﷺ.

لەم فەرموودەیەی پێغەمبەردا ﷺ پیادەکردنی سیاسەتی شەرعی دەبینین کە پێی هەستاوە لەناو خەڵکدا ئەمەش بە تێگەیشتنی تەواو بارودۆخی موسڵمانان دەبێن. ئەی بانگخوازی ئازیز پێویستە بە جوانی لە بارودۆخ تێبگەی پاشان بڕیار لەسەر کار بدەی بۆ ئەوەش دەبێت تەماشای ژیانی ئازیزمان بکەین ﷺ کە

کاتێ لە مەککەدا بوو ﷺ بت لە کەعبەی پیرۆزدا دەپەرسترا بەڵام نەی روخاندن چون دەیزانی کە بۆی ناکرێت وە دەیبینی کە کافران حوکم بە دینی هاوبەشی بڕیاردەران دەکەن و حوکمی خوای گەورەیان وەلا ناوە بەڵام نەیوت دەبێت حوکم بە قورئان بکرێت چونکە دەیزانی کاتی نەهاتووە، پاشانیش کاتێ دەریان کرد نەیفەرموو دەی هەستن جیهاد بکەن و بیانکوژن چونکە دەرتان دەکەن چونکە دەیزانی ئەگەر شەڕبکەن زەرەری زیاترە لە قازانجی پاشانیش کە چوونە مە دینە سەیری کرد کە جولەکەی دوّست و هاوپەیمانی دوژمنە سەرەکیەکانی خۆی لەوێن بەڵام دەری نەکردن چون دەیزانی باڵادەستن و زەرەریان نییە لەسەر چی دەریان کات، بەڵام تەماشا کە بانگخوازی خۆشەویست کە پێغەمبەر ﷺ لەدوای ئەوەی بارودۆخەکەی هەڵسەنگاند و بەهێز بوو دەیتوانی کاری بکات کە لەتوانایدا هەبێت جیهادی کافرانیشی کرد لە جەنگی بەدر و ئوحود ئەحزاب و موئتەو تەبوك و ئەوانی تریش وە حوکمی خوای پەروەردگاریشی جێ بەجێ کرد لەسەر خەڵکدا وە جولەکەی بێ باوەڕیشی دەرکرد چونکە زانی کە بونیان مەترسیە لەسەر موسڵمانان وە هەموو دوژمنەکانی سەرکوتکردوە بتەکانی مەککەی شکاند وە هەمویانی لە توکوت کرد وە قەبرە بەرزەکانی تەخت کرد وە شەڕی ساحیرانی کەمکردەوە. جا بزانە ئەو هەڵسەنگاندنە جوانەی ئەو ﷺ کردی چۆن سەرکەوتوو بوو دە تۆش دەبێت بارودۆخەکەی خۆت هەڵسەنگێنی تا بتوانی بمێنێتەوە و سەرکەوتوش بیت کە سەرکەوتوش بوویت ئەوا ڕێگەی پەروەردەی خۆت دەگریتەبەر و خواپەرستی خۆت دەکەیت انشاالله.

## فەرموودەی بیست وشەش

## ڕێگەی پەروەردەکردن

عن عائشةَ قالت:

قال رسولُ اللهﷺ:

(( ياعائشةُ! إنَّ اللهَ رفيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ، ويُعْطي على الرِّفْقِ مالا يُعْطي على العُنف، وما لا يُعْطي على ماسواه)).

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 2593 ڕیوایەتی کردووە).

**واتە:** لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: یاعائیشە! خوای گەورە لەسەرخۆیە وە نەرم ونیان ولەسەرخۆی خۆش دەوێت، وە خوای گەورە دەبەخشێت لەسەر نەرم ونیانی ولەسەرخۆیی وە لەسەر توند وتیژی نابەخشێت، وە بێجگە لەغەیری ئەوەش نابەخشێت (واتە: ئەوەندەی لەسەر لەسەرخۆیی دەبەخشێت لەسەر هیچ شتێکی تر نابەخشێت).

بانگەوازکاری بەڕێز دوای ئەوەی لە بارودۆخەکە تێگەیشتین دەبێت خۆتی بۆ ئامادە بکەیت چونکە ئیشەکەت بانگەوازە بەوەی دەبێت لەسەر زانست بانگەواز بکەیت و لەسەرخۆبیت چونکە هەڵەشەی زەرەر دەگەیەنێ بە بانگەوازەکەت و خەڵکیت لێ دەتەکێتەوە بەڵام لەسەرخۆیی بەرهەمی خۆی دەبەخشێ چونکە خوای گەورە کەسی لەسەرخۆی خۆش دەوێت ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە لەسەرخۆبوو تا گەیشتە ئامانجی خۆی ئەویش سەرکەوتنی بوو بەسەر دوژمنانی خوای پەروەردگاردا وە بەرپاکردنی دینداری لەناو خەڵکدا. کەواتە برام لەسەرخۆبە لە بانگەوازکردندا و لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت

ئاگاداری حاڵی خۆت بیت لە جێ بەجێ کردنیدا بۆ ئەمەش تەماشای فەرموودەی بیست و حەوت بکە.

## فەرموودەی بیست وحەوت

### جیاوازی لەنێوان بیردۆزەیی وپراکتیزەییدا (جێ بەجێ کردن)

عن أَنس بن مالك قال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ

رأيتُ ليلةَ أُسْرِيَ بي رِجالاً تُقْرَضُ شِفاهُهُم بِمَقَاريضَ مِن نارٍ، فقُلْتُ: مَن هـؤلاء ياجِبْريلُ؟ فقال: الخُطَباءُ مِن أُمَّتِك، يَأْمُرونَ النَّاس بـالبِرِّ ويَنْـسَوْن أَنفُسَهم وهـم يَتْلونَ الكِتَابَ، أَفَلاَ يَعْقِلون؟)).

(ئەم فەرموودەیە ئیبنوحەببان بەژمارە/ 53 لە ڕێگەی هیشامی دەستوائی وە لـە موغەیرە خەتەن مالکی کوڕی دینا وە لە مالکی کوڕی دینار وە ئەمیش لەوەوە ڕیوایەتی کردووە).

**واتە:** لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لەو شەوەی کە شـەوڕەویم پـێ کـرا بینـیم کـە پیاوانێـك لێوەکانیان هەڵدەدڕان بە مقەستی ئـاگرین، ووتم: ئەوانـە کـێن ئـەی جیبریـل؟ فەرمووی: ووتاربێژانی ئوممەتەکەی تۆن، فەرمان دەکەن بە خـەڵکی کـە چـاکە بکەن بەڵام خۆیانیان لەبیر چۆتەوە لەکاتێکدا کە قورئان دەخوێننەوە، بۆ عـەقڵ پەیدا ناکەن؟.

* بە واتا پێویستە هەر کەسێك ئامۆژگاری خەڵکی کرد بۆ کردنی کاری چاکە لە پێش هەموو کەسەوە خۆی بیکات تا متمانە نەدۆڕێنێ و سزای خواییش وەرنەگرێت.

ئەم فەرموودەیە هۆشیاری دەدایە بانگەواز خواز کە دەبێت ئاگاداری خۆی بێت و بزانێت چەندە بانگەوازکردن گرنگە و پاداشتی زۆرە ئەوەندەش مەترسیدارە لە کاتێکدا کە کابرای بانگەوازکار بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ لای کاری چاك بەڵام خۆی لە جێ بەجێ کردنی بە دوور بگریت ئەمەش لە دوو حاڵەت بەدەر نییە:

1- حاڵەتی یەکەم: ئەوەتا کە خەڵکی بانگ دەکات بۆ لای دین وە خەڵکیش بە گوێ ی دەکەن و وا دەزانن کە پیاوێکی چاکە چونکە ئەوان بەس ڕواڵەتی دەبینن بەڵام ئەو خۆی جێ بەجێی ناکات. ئەم جۆرەیان زەرەری بۆخۆیەتی بەوەی کە بە نهێنی بە گوێی هەواو ئارەزووی خۆی دەکات و خەڵکی پێی نازانێ واتە هەرچی بڵێ خەڵکی بەگوێی دەکەن بەڵام سەرئەنجامی خۆی بۆ ئاگری دۆزەخ خوا پەنامان بدات بەوەی فەرمانی بە خەڵك کردووە و خۆی بیرچووەتەوە وە هەر کەسێکیش فەرمان بە کەسێ بکات و خۆی لەبیر بچێ و جێ بەجێ ی نەکات ئەوا درۆی لەگەڵ خۆیدا کردووە و خۆی خەڵەتاندووە بەڵام خوا ناخەڵەتێنی بۆیە لەسەر کاری خراپ خۆی دەخاتە ئاگری دۆزەخەوە خوا پەنامان بدات.

2- حاڵەتی دووەم: بانگەوازکار خەڵکی بانگ دەکات بۆ لای دینی خوای گەورە بەڵام خۆی بە ئاشکرا پێچەوانەی کارەکەی خۆی دەکات، چونکە ئەو خەڵکی بانگ دەکات بۆ کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە، بەڵام خۆی کاری خراپە دەکات و خۆی لە کاری چاکە بە دوور دەگرێت.

بۆ نمونە بە خەڵکی دەڵێت شەریك بۆ خوا بڕیارمەدەن کەچی خۆی لە گۆڕ و پیاوچاکان دەپاڕێتەوە و نوشتە دەنووسێ و بەخت بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە، وە بەخەڵك دەڵێت خۆتان لە حەرام بپارێزن کەچی خۆی ماڵی هەتیوان دەخوات و پارە بە فێڵ لە خەڵك دەکێشێتەوە لە مارەکردن و تەڵاقدان و پرسە و شایی و بەشداری کردن لە بۆنە ئاینیەکاندا.

وە بە خەڵك دەڵێت حەرام مەخۆن کەچی خۆی جگەرەو نێرگەلە دەکێشێت. وە بە خەڵك دەڵێت چاکبن لەگەڵ دراوسێدا کەچی خۆی بووەتە کێشەی گەڕەکەکان. کەواتە لەسەر ئەنجامدا خەڵك چاوی هەیە و تەماشا دەکات ئەم کەسە بەناو بانگەوازکارە کەچی خۆی پێچەوانەی خۆیەتی بۆیە ئەم جۆرەیان زەرەری بۆ خۆی و خەڵکیشە وە مەترسی ئەمەیان زیاترە لەوی یەکەمیان چونکە یەکەمیان بەس زەرەری بۆ خۆی بوو تا قیامەت کەس پێی نازانێ بەڵام دووەمیان زەرەری بۆ خۆیەتی لە دونیادا خەڵك بە چاوی کەم ڕێزەوە تەماشای دەکەن و سوکە لەناویاندا وە لە دوارۆژیشدا ئاگری جەهەنەم بۆ خۆی دابین دەکات، وە زەرەری بۆ دینیشە چونکە بە کارەکەی خەڵکی دەتەکێنێتەوە لە دین، چونکی خەڵکی دەڵێن ئەگەر ئەم دینە ڕاست بوایە ئەوا خۆی جێ بەجێ ی دەکرد. خاك بەسەر ئەی بەناو بانگەوازکار تاوانی ئەوانەشت بۆ دەنوسرێت کە تۆ دەبیتە هۆی دوور کەوتنەوەی لەدین.

کەواتە ئەی بانگخوازی ئازیز دەبێت تۆ هۆشیار بیت هەر قسەیەك دەکەیت بیکەیتە کردار تا ڕاستگۆ بیت لای خوای پەروەردگار و پاشانیش لای خەڵکی وەتۆ بیتە هۆی ڕاکێشانی خەڵکی بۆلای دینی ئیسلام و پاداشتی ئەوانیشت بۆ بنووسرێت وە دەبێت زۆر وردبیت لە بانگەوازکردنەکەتدا و حساب بۆ هەموو شتێ بکەیت وەك لە فەرموودەی داهاتوودا دەردەکەوێت.

## فەرموودەی بیست وهەشت

## ووردبینی بانگەوازکار وسووربوونی لە ووردبوونەوە لە کارەکان

**عن أبي هُرَيرةَ قال:**

**قال رسولُ الله ﷺ:**

**((كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِباً أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ ماسَمِعَ)).**

**(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم لە پێشەکی صەحیحەکەیدا بەژمارە/ 5 وە ئەبو داود بەژمارە/ 4971 وە ئیبنوحەبان بەژمارە/ 30 لە تەرتیببەکەیدا ڕیوایەتیان کردووە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت).**

**__واتە:__ لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بەسە بۆ کەسێك کە بەدرۆزن لە قەڵەم بدرێت یان دابنرێت کە هەر قسەیەکی بیست یەکسەر باسی بکات.**

* واتە بەجوانی بچێتە بناوانی قسەکە و بزانێ ڕاستە یان نا چونکە مرۆڤ لەسەر قسە ڕەفتار دەنوێنێ و کاردانەوەی هەیە بۆیە ئەگەر وردنەبێتەوە دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە.

واتە: کاتێك کەسێك کە تەواو جێی متمانەی تۆیە قسەیەکت بۆ دێنێت تۆش باوەڕی پێ دەکەیت و لەسەر قسەکەی ئەو ڕەفتار بەرامبەر کەسی سێهەم دەنوێنیت بۆیە دەبێت بە باشی لەو قسەیە وردبیتەوە و لێکۆڵینەوەی دەربارە بکەیت.

فەرموودەکە بانگخواز فێردەکات کە دەبێت زۆر وورد بێت لە کردنی کار لە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی لە بینینی لە بیستنی بە جۆرێك کە دەبێت ئەوەی بە گوێ دەیبیستێ بچێتە بنج و بناوانی بزانی لە کوێوە هاتووە مەبەستی چییە ڕاوێژ لەگەڵ دۆستانیدا بکات لەو بارەوە، وە ئەوەی بەچاو دەیبینێ لە هەڵسوکەوتی خەڵکی خێرا بڕیار نەدات پێ دەچێت ئەو عوزرێکی هەبێت یان هەر ئەوەنـدەی بۆ بکرێت یان بارێکی تایبەتی خۆی وا بخوازێت بۆیە ئەگەر ئەم دووانە ((گوێ، چاو)) ی پاراست ئەوا قسەی لەسەر خەڵك و کـردەوەی بەرامبـەر خـەڵکیش دەپارێزێت. وە کە زمانی پاراست و لە ناحەقدا بەکاری نەهێناو کـردەوەی لـە ناحەقدا پێ نەکرد ئەوا سەرفرازی دونیاو دواڕۆژیش دەبێت جا بـۆ ئـەوەی پـێ ڕابگات و فریا بکەوێت لە هەموو ئەمانە تێبگات دەبێت گرنگی کات بزانی بـۆ ڕونکردنەوەی ئەو شتانەی پێی دەگات بە تایبەتی ئەگەر ئەو شتە پەیوەست بێت بـە دینـەوە وەکـو گەیـشتنی فەرموودەیـەکی پێغەمبـەر ﷺ پێـی ئەگـەر بزانـێ صەحیحە یان لاوازە یان هـەربوونی نییـە پێویـستی بـە کاتـە وە یـان گەیـشتنی هەواڵێکە پێی کە پەیوەندی بە موسڵمانانەوە هەیە پێویستی بە کاتە تـا بەدوایـدا بگەڕێ و بڕیاری دەربارەی ڕون و ئاشکرا بێت بۆیە بـۆ هـەر شـتێك کـە پێـی هەڵدەستێت پێویستی بە کات هەیە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی پێویـستیەکانی، لـە فەرموودەی داهاتوودا انشاءالله دەبینین.

## فەرموودەی بیست ونۆ

### گرنگی (بایەخی) کات

عَن الزُّبَيْر بن عَدِيّ قال:
دَخَلْنا على أَنَس بن مالك، فَشَكَوْنا إليه مانَلْقَى مِن الحَجَّاج، فقال:( اصْبِروا، لايَأْتي عليكم زمانٌ إلاّ بالّذي بعدَه شَرٌّ منه، حتى تَلْقَوْا رَبَّكُم)) سَمِعتُ هذا مِن نبيّكم.
(ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا بەژمارە/ 7068 هێناویەتی).
**واتە:** لە زوبەیری کوڕی عەدی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمووی: چووینە خزمەتی ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خوایان لێبێت) سکالأمان لا کرد لەدەستی حەجاج کە چیمان پێ دەکات، ئەویش فەرمووی: (ئارام بگرن وبزانن ڕۆژ وکاتێك نایەت بەسەرتاندا ئیللا خراپتر دەبێت لەوەی ئێستاتان هەتا ڕۆژی قیامەت بەوشێوەیە دەبێت تا دەگەن بەخوای خۆتان) ئەمەم لە پێغەمبەرەکەتان بیستووە ﷺ .
* ئەوەی لەم فەرموودەیە وەری دەگرین بایەخی کاتە، بە واتایەکی تر کاتی خۆتان بەفیڕۆ مەدەن چونکە تا دێت دنیا خراپ دەبێت وکاری چاکە کەم دەبێت وکاتیش ناگەڕێتەوە بۆیە سوودی لێ ببینن.
خوێنەری بەڕێز کات یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکانی خوای پەروەردگار بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەندە لای گرنگە کە سوێندی پێ دەخوات ((والعصر)) وە هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ بە نیعمەتی باس کردووە و دەفەرموێت یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە مرۆڤ گوێ ی پێ نادات، بەلأم بانگخوازی ئازیز دەبێت تۆ

جیاواز بیت لە کەسانی دی و پێویستە بەهای کات بزانیت بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەی تا کارەکان کەڵەکە نەبن بەسەرتەوە و دوایی بە هیچ ڕانەگەی بۆ ئەمەش پێویستی بە تێکۆشانە تا زاڵ دەبیت بەسەر دەرونی خۆتدا و بتوانی بە فیڕۆی نەدەیت و سودمەند بیت لێی بەتایبەتی لە کاتی گەنجی و دەست بە تاڵی و لەش ساغی چونکە ئەمانە کاتانێکن کە دەتوانی خۆتی تیا دا فێری زانست بکەیت و خەڵکی دیش فێربکەیت چون خۆت دەزانیت کە مرۆڤ لەبەردەم دەرد و نەخۆشی و پیر و دەربەدەری هیچ کات دوور نییە بۆیە ئاگاداربە هەلی کات بقۆزەوە و بە فیڕۆی مەدە، کات لە ئاڵتون بە نرخترە چونکە ئاڵتون ئەگەر لە دەستیشت بچێ دەتوانی بە دەستی بهێنیتەوە بەڵام ئەمرۆ تازە نایەتەوە بۆیە تا دەتوانی کاری باش بکە و گوتەی باش بڵێ ئەوەتا پێغەمبەرمان ﷺ چەندان فەرموودەی بە پێزی لەو بارەیەوە هەیە کە یەکێك لەوانەدا هاتووە تا پێمان بڵێ ئاگاداربە لە دەستی خۆتی مەدە تا سەرفراز بی.

?

## فەرموودەی سی

### بیکەرە دەستکەوتت!!

عن ابن عبّاسٍ قال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ لِرَجُلٍ وهو يَعِظُهُ:

((اغْتَنِمْ خَمْساً قبلَ خَمْس، شبابَكَ قبل هَرَمك، وصِحَّتَكَ قبل سَقَمك، وغَنائك قبل فَقْرِك، وفراغَكَ قبل شُغْلك، وحياتَك قبل موتِك)).

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی حاکم بەژمارە 4/ 306 هێناویەتی).

**واتە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ بە پیاوێکی فەرموو لەکاتێدا ئامۆژگاری دەکرد: پێنج بکە بە دەست کەوتت پێش ئەوەی پێنجی ترت توش ببێت:

1- گەنجێتیت پێش پیریت.

2- لەشساغیت پێش نەخۆشیت.

3- دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت.

4- دەست بەتاڵیت پێش سەرقاڵیت.

5- ژیانت پێش مردنت.

* ئەوانەی سەرەوە پێنج دەرفەتن کە هەموو مرۆڤێك دەتوانێت بەئاسانی بەدەستیان بهێنێت لە ژیاندا، چونکە زۆربەی مرۆڤەکان بەو قۆناغانەدا تێپەڕ دەبن بۆیە پێویستە بیانکەینە دەستکەوتی خۆمان.

فەرموودەکە زۆر بە ئاشکرا کۆمەڵێك ڕاستیمان پێ دەڵێت کە هیچ کەس ناتوانێ خۆی بێ ئاگا بکات لێ ی ئەوانیش هەمووی دەستکەوتن بۆمان ئەگەر بزانین تەماشاکە ((گەنجی، لەش ساغی، دەوڵەمەندی، دەست بەتاڵی، ژیان))

پێنج ڕاستی بەرجەستەن چونکی مرۆڤ دەتوانیَ لە گەنجیدا فێری زانست بێت و کار و کەسابەت بکات و بەهۆی ئەوەوە دەوڵەمەندبێت و بە پارە کەسیَ ڕاسپێریَ بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی دەست بەتاڵی بۆ خۆی بڕەخسێنیَ تا ژیانی پڕبکات لە خێروخۆشی ئەگەر بزانی بە جوانی بژی، جا تۆش ئەی برای بانگەوازکار بزانە گەنجیت و هەریەك لەوانە بە جوانی بقۆزەوە تا خۆش ژیان بیت چونکە دەتوانی بەهۆی هەریەك لەوانە نیعمەتی گەورە بەدەست بهێنی، ئەگەر لە گەنجیدا بتەوێت خۆت شارەزا دەکەیت وە لە کاتی لەش ساغیتدا هەوڵی باش دەدەیت وە لە کاتی دەوڵەمەندیتدا خۆت و جگە لە خۆشت دەحەسێنیتەوە، وە کاتی بەتاڵیت بەکاردەهێنی بۆ کاری باش و بەهۆی ئەمانەشەوە ژیانێکی خۆش دابین دەکەیت بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداربی، تۆ لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستت پێیانە تا لە دەستت نەچیَ و پەنجەی پەشیمانی نەگەزیت و خۆت بە شتی بیَ سوودەوە خەریك نەکەیت وەك بۆمان دەردەکەوێت لە داهاتوودا.

•

## فەرموودەی سی ویەک

### بەڵای بانگخواز

عن أبي الأَعور السُّلَميِّ قال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ :

((إِيَّاكم وأبوابُ السُّلطانِ، فإنَّه قَد أصْبَحَ صَعْباً هَبوطاً)).

(ئـەم فەرموودەیـە ئیمـامی (طبرانـي) لــە(مجمـع الأوسـط)دا بـەژمارە246/5 هێناویەتی).

**واتە:** لە ئەبو ئەعوەری سولەمییەوە دەفەرمووێت: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: ئامـان ئاگـاداری دەرگـای کاربەدەسـتان بـن ونەچـن بۆلایـان، چـونکە هـەر بانگخوازێك بچێت بۆلای کاربەدەست ئەوا بەدڵنیاییەوە تا دەگاتە لای تووشـی نارەحەتی دەبێت، چونکە نایەڵن بگات پێی وە کە گەیشتیش پێی ئەوا بـێ ڕێـز وسووك دەبێت لەلای کاربەدەستەکە و لای خەڵکیش.

یەکێکی دی لەو شتانەی کە پێویستە بانگخواز بیزانێت فیتنـەکانن کـە تووشـی دەبن جا گەورەترین فیتنە کە تووشی دەبێت نزیك بوونەوەیە لــە کاربەدەسـتان چونکە نزیك بوونەوە لەوان خێری زۆری لەدەست دەچێت تـا وای لـێ دێـت ناتوانیت کۆڕی زانست درێژە پێ بدات و تێکەڵاوی خەڵکی بکات و بەشداری لە خۆشی و ناخۆشیاندا بکات چـونکە کاربەدەسـتان سـەری قـاڵ دەکـەن بـە شتێکەوە کە سودی نییە بەوەی دەنیرێت بۆ شوێنێ وا کە زەلیلی ئەوی تیادایە، هەر حەقێك ئەوان بە دڵیان نـەبێت لای دەکـەن بـە ناحـەق وە زۆر ناحـەق و حەرامی لا دەڕازێننەوە ئەمیش ناتوانێ خۆی بە دوور بگرێـت لێیـان لــە ترسـی فەوتانی کورسی و ڕێزەکەی جا کەواشی لێهات ڕاستگۆیی خـۆی لــە دەسـت

دەدات تا وای لیٰ دێت خەڵکی متمانەی پیٰ ناکەن وە کـە متمانەشـی نـەما بـە چاوی سوکەوە تەماشای دەکەن وە کە بەسـوکیان زانـی هەرچـی قـسەیەکیش بکات گویٰ ی لیٰ ناگیریٰ وە کە پشت گـویٰ خـرا خێرێکـی زۆر لـە دەسـت دەچێت، جا بزانە بانگخواز دەرگای کاربەدەستان بۆ تۆ و هاو وێنـەت زەلیلـی نەبێت هیچی دی بە دەست ناهێنیٰ وە ئەگـەر پێویـستیش بـوو بـچیتە لایـان تـا ئامۆژگاریان بکەیت ئەوە خێرە بەڵام خۆت لەناوو نازناو بپارێزە تـا نەبێتـە بـەڵا بۆت ئامۆژگاری خۆت بکە و وازیان لیٰ بێنـە تـا سـەلامەت بیـت وە ئەوەنـدە لایان دامەنیشە کە رێزت نەمێنێت و قسەی خۆشیان لەسەر تۆ بێت چونکە کـە بوویتـە بنێـشتی سـەردەمیان ئـەو حەقـەش کـە پێتـە رێـزی نـامێنیٰ، چـاو لـە پێشەواکانت بکە لە بەرامبەر کاربەدەستان وەکو ئیمامی مالیك و زانای ئیسلام ئیبنوتەییمە کە ئەوەندە خۆیان بە قورس ڕاگرتووە کاربەدەستان لێیان ترساون و رێزیان لـیٰ گرتـوون وە ئەگـەر تـۆش بتـەویت پارێزراوبیـت، تـا دەتـوانی بـۆ ئامۆژگـاری نـەبێت دوور بـە لـە دەرگـای حـاکم و کاربەدەسـتانەوە دڵنیابـە سەرفراز و خۆش ژیان دەبیت انشاءالله وە هەمیشە دەتوانی ئـەو ڕاسـتیەی لاتـە بیٰ تـرس بـە هـەموو کەسـێکی بگەیـەنی وەك لـە فـەرموودەی سـی و دوودا دەردەکەوێت.

## فەرموودەی سی ودوو

### دەرخستنی حەق لەلایەن بانگخوازەوە

عن عليٍّ قال:

لَمَّا ضَمَمْتُ إليَّ سلاحَ رسولِ اللهِﷺ وجدتُ في قائم سيف رسولِ اللهِ ﷺ رقْعَةً فيها:

(( صِلْ مَن قَطَعَكَ، وأَحْسِنْ إلى مَن أساءَ إليك، وقُلِ الحقَّ ولو على نَفْسِك)).

(ئەم فەرموودەیە لە (جمع الجوامع)دا بەژمارە 6929 لە ڕێگەی ئیبراهیمی کوڕی مونزیر لە حوسەینی کوڕی زەید لە جەعفەری کوڕی موحەمەد لە باوکیەوە لە باپیریەوە لە عەلییەوە گێڕدراوەتەوە).

**واتە:** لە عەلییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: لە کاتێکدا کە شمشێرەکەی پێغەمبەرم ﷺ هێنایە لای خۆم بینیم کە لەناویدا نوسرابوو: (هەرکەسێك پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵتدا پچڕاند تۆ سەردانی بکە، وە هەرکەسێك بەخراپی لەگەڵتا جوولاًیەوە تۆ باشەی لەگەڵدا بکە، وە بەهەمیشەیی حەق بڵێ ئەگەرچی ووتنی ئەو حەقەش لەسەر خۆت بکەوێ وسوودی خۆتی تیادا نەبێت).

ئەم فەرموودە پیرۆزە زیاتر جەخت لەسەر بانگەوازکردن دەکاتەوە لە پێناوی خوای پەروەردگاردا بەڵام بە شێوەیەك کە بە ئاشکرا و بۆ هەموو کەس و بە دانایی ڕابگەیەنێت، ڕاستی کامەیە بیڵێ با لە خۆیشی و کەس و کاریشدا هەبێت بۆ ئەوەی بێتە کردنەوەی دەرگای خۆشی ژیان و سەرکەوتنیان لە دونیا

و دوارۆژیشدا. لە فەرموودەکەی ڕابردوودا باسی شێوازی بانکردنی دەستەلاتدارانمان کرد بۆ ئیسلام بە ئامۆژگاری کردن، بەلام ئەوە بزانە هەتا بە نهێنی بێت خێری زۆرترە و بانگەوازکردنی ئەو کۆمەڵەش گەورەترین جیهادە. کەواتە برای بانگخوازم بانگەوازی خۆت و جگە لە خۆیشت و دەسەلاتدار و بێ دەسەلات بکە و ڕاستیان پێ بڵێ و جگە لە خوا لە کەس مەترسە و هەمیشە لەگەڵ حەقدابە و هەوڵبدە ئەگەر هەڵەیەك لە برایەکی موسڵمانیشدا بوو بە شێوەیەکی جوان پێ ی بڵێ و ڕێنمومایی بکە بەوە سەری دەخەیت بەسەر نەفس و شەیتانیشدا وەکو لە فەرموودەی سی و سێ دا دەیبینین.

## فەرموودەی سی وسێ

## سەرخستنی ئیمانداران

عن سعيد بن المُسَيِّب رحمه الله قال:

بينما رسولُ الله ﷺ جالِسٌ ومعَهُ أصحابُه، وَقَعَ رَجُلٌ بأبى بكر. فآذاهُ فَصَمَتَ عنهُ أبوبكرٍ، ثُمَّ آذاهُ الثانيةَ. فَصَمَت عنه ابوبكرٍ، ثُمَّ آذاه الثالثةَ. فانْتَصَر مِنهُ أبوبَكْرٍ، فقام رسولُ اللهِ ﷺ حين انْتَصَرَ أبو بكرٍ، فقال ابوبكرٍ: أَوَجَدْتَ عَلَيَّ يارسولَ الله؟ فقال رسولُ الله ﷺ:

((نَزَلَ مَلَكٌ مِنَ السَّمَاءِ يُكَذِّبُهُ بِمَا قَال لَكَ، فَلَمَّا انْتَصَرْتَ، وَقَعَ الشَّيْطَانُ، فلم أَكُنْ لأَجْلِسَ إذ وَقَعَ الشَّيْطَانُ)).

(ئەم فەرموودەیە ئەبوداود بەژمارە/ 4896 گێڕاویەتیەوە).

**واتە:** لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کاتێکدا کە پێغەمبەر لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دانیشتبوو، پیاوێك قسەی بە ئەبوبەکر گوت، ئازاریدا بە ڕەفتارەکەی ئەبوبەکریش بێ دەنگ بوو، پاشان دووبارە کابرا ئازاری دایەوە وئەبوبەکریش هەر بێ دەنگ بوو، بۆ جاری سێهەمیش ئازاری دایەوە، ئالەم کاتەدا ئەبوبەکر خۆی پێنەگیراو وەڵامی دایەوە، یەکسەر پێغەمبەر ﷺ هەستا کاتێك ئەبوبەکر چوو بەگژ کابراکەدا، ئەبوبەکریش فەرمووی: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئازاری دام بۆیە چوومەوە بە گژیدا، ئەوجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەبوبەکر فریشتەیەك دەهاتە خوارەوە بەدرۆی دەخستەوە لەکاتی هەر قسەووتنێکیدا، بەڵام کە تۆ وەڵامت دایەوە فریشتەکە دانەبەزی وشەیطان کەوتە نێوانتانەوە، خۆ ناکرێ شەیطان لە نێوانتاندا ئاشوب بنێتەوە ومنیش بێدەنگ بم.

* ئەوەی لەم فەرموودەیەوە وەریدەگرین ئەوەیە کە بانگخواز لەکاتی بینینی ئاشوبی نێوان موسوڵمانان دەبێت بێدەنگ نەبێ وهەوڵی چارەسەری بدات چونکە ئەگەر ئەو بێدەنگ بێت ئەوا شەیطانی ئینس وجن هەڵەکە دەقۆزنەوە بۆهەڵگیرساندنی بەڵا و ئاشوب، وە کە بەڵاکەش هەڵگیرسا ئەوجا هیچ ڕێگە چارەیەك نیە نە بۆ بانگخواز نە بۆ زانایان بۆیە دەبێت پێش ڕودانی فیتنەکە زانایان و بانگخوازان و پیاوچاکان هەڵسن بە چارەسەرکردنی تا تەشەنە نەکات.

* برایانی ئازیزم خوێنەری بەڕێز ئەم فەرمودەیە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای موسڵمانانە هیچ کات خێر و چاکەی بۆ مرۆڤەکان ناوێت و هەوڵی ئاشوب دەدات بیخاتە ناویانەوە و برا دەکات بە دوژمنی برا و خۆشەویستان لەیەك دەکات، بەڵام بەداخەوە لە دێرزەمانەوە قسەیەك هەیە لەناو خەڵکدا بڵاوە کە گوایە شەیتان دێتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ و لە نێوانیاندا گفتوگۆ ڕودەدات و پرسیار و وەڵام دەکرێت و شەیتانیش وەڵام دەداتەوە، ئەم قسەیە زۆر دوورە لە ڕاستیەوە و کەسانێکی دەرون نەخۆشی پێ هەڵدەخەڵەتێنن جا بۆ زیاتر شارەزابوون لێی دەقی پرسیارێك کە لە مامۆستا عەدنان بارام کراوە لەو بارەوە دێنینەوە، کە ئەویش ووتەی شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە باس دەکات لە بارەی ئەو قسە هەڵبەستراوە کە وەڵامی کەسێك دەداتەوە لەکاتی سەردەمی خۆیدا کە پرسیاری لێ کردووە.

بفەرموون بۆ دەقی ئەم باسە کە لە سایتی بەهەشت وەرگیراوە:

ووتووویژێکی هەڵبەستراو

لە نێوان پێغەمبەری خوا ﷺ و ئیبلیسی لە ڕەحمەتی خوا دوورکراو

إن الحمدلله نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيّئات أعمالنا من يهده الله فلا مضلّ له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له، وأشهد أنّ محمداً عبده ورسوله، أمّا بعد:

پێش چەند ڕۆژێك برایەكی دڵسۆز سیدیەكی پێدام و پێی ووتم: مامۆستا گوێ لەم سیدیە بگرە بۆ ئەوەی پێم بڵێیت ئەو ووتووێژە دورو درێژەی كە تێیدا تۆمار كراوە، لە نێوان پێغەمبەری خوا ﷺ و، شەیتانی دورخراو لە ڕەحمی خوا – كە خوێندنەوەكەی ماوەی (شعبان محرم) خولەك دەخایەنێت و كراوەتە كوردی و بە دەنگ دەخوێنرێتەوە!!– فەرموودەیەكی (صحیح)ە یان ووتەیەكی هەڵبەستراو و درۆیە و نراوەتە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ ؟!

منیش بەدەم داواكاریەكەی هاتم و، دوای گەڕانەوە و پشكنینێكی زۆر بۆم ئاشكرا بوو كە ئەم ووتووێژە زانای پایەبەرزی ئیسلام شێخ (ابن تيمية) بە درووستكراو و دەست هەڵبەس و درۆی داناوە لە وەڵامی پرسیارێك كە لە سەردەمی خۆیدا ئاڕاستەی كراوە، كە ئەمەی خوارەوە دەقی پرسیارەكە و وەڵامەكەیەتی:

(( سئل (شيخ الإسلام ابن تيمية) عن قصة إبليس وإخباره النبي ﷺ وهو في المسجد مع جماعة من أصحابه، وسؤال النبي ﷺ له عن أمور كثيرة، والناس ينظرون إلى صورته عيانا، ويسمعون كلامه جهرا، فهل ذلك حديث صحيح أم كذب مختلف؟ وهل جاء ذلك في شيء من الصحاح والمسانيد والسنن أم لا؟ وهل يحل لأحد أن يروى ذلك؟ وماذا يجب على من يروى ذلك ويحدثه للناس ويزعم أنه صحيح شرعي؟

واته: پرسیار كرا لە شێخی ئیسلام (ابن تيمية) سەبارەت بە چیرۆكی ئیبلیس و، هەواڵدانی بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، لەو كاتەی كە لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵانی

**لە مزگەوت دەبێت، وە تێیدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ پرسیارێکی زۆری لێ دەکات سەبارەت بە چەندەها بابەت، وە خەڵکەکەش بە چاوی خۆیان شێوەی شەیتان دەبینن، وە بە ئاشکراش دەنگی دەبیستن، ئایا ئەوە فەرمودەیەکی (صحیح)ە یان درۆ و درووستکراوە؟ وە ئایا ئەوە لە هیچ لە کتێبەکانی فەرمووده لە (الصحاح)، و (المسانید)، و (السنن)دا هاتووە یان نە؟ وە ئایا حەڵاڵە بۆ هیچ کەسێك ئەوە بگێڕێتەوە؟ وە چی لەسەرە ئەو کەسەی کە ئەوە دەگێڕێتەوە بۆ خەڵك باسی دەکات بۆیان وە گومانیشی وایە کە ئەوە شەرعی دroووستە؟!**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی:**

**(( الحمدلله، بل حديث مكذوب مختلف، ليس هو في شيء من كتب المسلمين المعتمدة، لا الصحاح ولا السنن ولا المسانيد، ومن علم أنه كذب على النبي ﷺ لم يحل له أن يرويه عنه، ومن قال: إنه صحيح فإنه يعلم بحاله، فإن أصر عوقب على ذلك، ولكن فيه كلام كثير قد جمع من أحاديث نبوية، فالذي كذبه وأختلقه جمعه من أحاديث بعضها كذب و بعضها صدق، فلهذا يوجد فيه كلمات متعددة صحيحة، وإن كان أصل الحديث وهو مجيء إبليس عيانا إلى النبي ﷺ بحضرة أصحابه و سؤاله له كذبا مختلقا لم ينقله أحد من علماء المسلمين، والله سبحانه و تعالى أعلم))** (بروانە: **مجموع فتاوى**: ج: شعبان محرم، ص: شوال جمادى أول ربيع أول، **والفتاوى الكبرى**: ج: جمادى أول، ص: محرم رجب).

**واتە: شوکر و ستایش بۆ خوای پەروەردگار، بەڵکو ئەو ووتەیە درۆیە و درووست کراوە بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ ، و لە هیچ کتێبێك لە کتێبە متمانە پێکراوەکانی موسڵماناندا نیە، نە (الصحاح)، و نە (السنن)، و نە لە (المسانید)، وە هەرکەسێکیش بزانێت کە درۆیە بە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ**

کراوە ، ئەوا نابێت و حەرامە لێیەوە بیگێڕێتەوە، وە هەر کەسێکیش ووتی (صحیح)ە ئەوا بۆی باس دەکرێت، پاشان ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر ووتەی خۆی ئەوا سزا دەدرێت لەسەری، لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها ووتەی تێدایە لە فەرموودەی پێغەمبەری خواوە وەرگیراوە ﷺ ، چونکە ئەو کەسەی کە ئەم ووتەیەی بە درۆوە ناوەتە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ ، لە چەندەها فەرموودەوە وەری گرتووە کە هەندێکیان درۆن و نراونەتە دەم پێغەمبەرەوەﷺ ،و هەندێکیان ڕاستن، بۆیە دەبینیت هەندێك ووشەی دروستی تێدایە، سەرەڕای ئەوەی کە بنەوای فەرموودەکە: کە هاتنی ئبلیسە بە ئاشکرایی بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ، و بە ئامادەبوونی هاوەڵانی، و پرسیار لێکردنی، ووتەیەکی درۆ و هەڵبەستراوە، و هیچ یەکێك لە زانایانی موسڵمانان نەیانگێڕاوەتەوە، خوای پەروەردگاریش زاناترە.

جا موسڵمانی خۆشەویست: نەکەی ئەم فەرموودەیە بەهیچ جۆرێك بڵاو بکەیتەوە، بە نوسراو بێت، یان تۆمارکراو بێت، بە سیدی یان بە مۆبایل، دوای ئەوەی کە بۆت دەرکەووت کە ووتەیەکی درۆ و بێ بنەوا و هەڵبەستراوە بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ ، ئەو کەسەش تا ئێستا لێی بڵاوکردووەتەوە، با تۆبە بکات لەو تاوانەی کە کردوویەتی و خوای پەروەردگاریش لێبوردەیە بەرامبەر بەندە تۆبەکارەکانی...

## فەرموودەی سی وچوار

### ژینگەی بانگخـواز

**عن أبي سَعيدٍ الخُدْرِيِّ قال:**

**قال رسول الله ﷺ:**

**((كان في بَني إسرائِيلَ رَجُلٌ قَتَلَ تِسْعَةً وتِسْعِينَ إنساناً ثُمَّ خَرَجَ يَسْأَلُ، فَأَتَى راهِباً فَسَأَلَهُ، فقال له: أَلِي تَوْبَةٌ؟ قال: لا، فَقَتَلَهُ، فَجَعَلَ يَسْأَلُ؟ فقال لَهُ رجُلٌ: إئْتِ قَرْيَةَ كَذَا وكَذَا، فَأَدْرَكَهُ المَوْتُ، فَنَأَى بِصَدْرِهِ نَحْوَهَا، فاخْتَصَمَت فيه ملائِكَةُ الرَّحْمَةِ، وملائِكَةُ الْعَذَابِ. فَأَوْحَى اللهُ إلى هذِهِ: أنْ تَقَرَّبي، وأوحى اللهُ إلى هذه: أنْ تَبَاعَدي. وقال: قِيسوا مابَيْنَهما، فَوجَداه إلى هذهِ أَقْرَبَ بِشِبْرٍ فَغُفِرَ له)).**

**واته:** پیاوێك لە نەوەی ئیسرائیل نەوەد و نۆ پیاوی کوشت بەناحەق، پاشان دەدردەچێت و دەپرسیّ، دێتە لای خواناسێك و پرسیاری لیّ دەکات و پێی دەڵێت: ئایا تەوبەم بۆ هەیە واتە خوا لێم خۆش دەبێت؟ خواناسەکە دەڵێت: نەخێر، ئەویش دەکوژێت، دوای کوشتنی ئەو دەردەچێت و دەپرسێت ((لە پیاوێکی زانا پێی دەڵێت: خوا لێم خۆش دەبێت؟ ئەویش پێی دەڵێت: بەڵێ)) لە ڕیوایەتێکی تردا لای موسلیم 1836، پاشان پیاوە زاناکە پێی دەڵێت: بچۆ بۆ فلانە گوند، لە ڕێگەدا دەمرێت ((لەکاتی مردنەکەدا سنگی بەلای ئەو شوێنەدا دەباتە پێشەوە کە بۆی دەچێت، پاشان فریشتەی بەزەیی و فریشتەی سزا دەبێتە کێشە لەسەریان، ئەوجا خوای پەروەردگار فەرمان یەو شوێنە دەکات کە کابرا ویستویەتی بۆی بچێت کە نزیك بێتەوە، وە فەرمان بەو شوێنەش دەکات کە لێوەی هاتووە کە دوورکەوێتەوە (واتە زەویەکە)، جا بە هەردوو فریشتەکە

دەفەرمویێت نێوانی ئەم جێگەیە بپێوێت بزانن لە کامیان نزیکترە، دەبینن لەو جێگەوە نزیکترە کە ویستویەتی بۆی بچێت بە بستێك خوا لێی خۆش دەبێت)).
(ئەم فەرمودەیە ئیمامی بوخاری بە ژمارە (3470) وە موسلیم بە ژمارە (2766) ڕیوایەتیان کردووە).

* ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسی بانگخواز دەبێت وریا بێت لەبارەی بانگەواز کردنی خەڵکی وڕاکێشانی دڵی خەڵکی بۆلای دینی ئیسلام وە کەس ڕاونەنیێ بە نەزانینی خۆی وە خۆی وخەڵکیش توشی فیتنە نەکات.

وە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە گەورەیی زانا زۆر زیاترە لە بەندەیەك کە خەریکی پەرستش بێت بۆ خوا لەسەر نەزانین، بۆیە دەبینین نەزانەکە بە نەزانینی خۆی خۆی دەدات بە کوشت و لەسەر ناحەقیش بوو بەڵام زاناکە خۆی لە کوشتن ڕزگارکردوو لەسەر حەقیش بوو بۆیە دەبێت بانگخواز زۆر ئاگاداربێت.

ئەم فەرمووده پیرۆزە بە ئاشکرا باسی شارەزابوون دەکات لە بارودۆخێك کە بانگەواز خوازی تیادا دەژی و فێری دەکات کە چۆن هەڵسوکەوت بکات لەو بارودۆخەدا لەگەڵ خەڵکیدا جا ئەگەر دۆخەکە شەڕو خراپەکاری ئەوا دەبێت ئاگای لە چاو و زمان و گویێ و دەست و ئەندامەکانی لاشە بێت و بزانی چۆن بەکاری دێنێ چونکە هەریەکێ لەو ئەندامە ئەگەر بە هەڵە بەکارهات ئەوا زیان بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات وە ئەو خواپەرستە بە زمانی بەو کابرای ووت خوا لێت خۆش نابێت کابرا کوشتی، وە هەر یەکێکی تریش لەوانی دی خراپ بەکارهێنانی زیانی هەیە بۆیە دەبێت زۆر وریا بێت لە بانگەوازکردنی خەڵکی لە بارودۆخی ئاوادا بەڵام ئەگەر دۆخەکە باش بو ئەوا بە ئارەزووی خۆی بە گوێرەی شەرع هەڵستێت بە بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ لای دین و

ئامۆژگاریان بکات و باشەکانیان پێ بناسێنی و لە خراپەکان ئاگاداریان کاتەوە بەلاَم تاکە مەرجێك لەم کاتەدا لەبەرچاو دەگیرێ ئەوەیە کە ئایە ئەو پرۆگرامەی بانگەوازکار لەسەریەتی ڕاست و دروستە یان نا چونکە ئەگەر ڕاست و دروست بوو کێشە نانێتەوە بۆ خۆی و خەڵکی بەلاَم بە پێچەوانە ئەگەر چەوت بوو ئەوا عەقڵ و دینی خەڵکی تێکدەدات وەك ئەم سەردەمەی ئێمە خوا پەنامان بدات کە زۆر لە پرۆگرامی ئەهلی سوننە و جەماعە دوور کەوتونەتەوە تا وایان لێ هاتووە خەڵکیان پارچە پارچە کردووە هەر کەسە و جۆرە بۆچونێکی خۆی هەیە بە هەوای ئەو کەسە دین لێکدەداتەوە کە شوێنی کەوتووە بۆیە زۆر پێویستە پرۆگرام ڕاست بێت چونکە خەڵکی دەکات بە یەك بەلاَم لاری پرۆگرام دەیان کاتە دوژمنی یەك و پارچە پارچەیان دەکات خوا پەنامان بدات.

## فەرموودەی سی وپێنج

## پرۆگرامی بانگخواز

عن أبي الطُفَيْل عامِرِ بنِ واثِلَةَ، قال:

كنتُ عند عليَّ بنِ أبي طالبِ، فأتاهُ رَجُلٌ، فقالَ: ماكانَ الـنبيُّ ﷺ يُـسِرُّ إليـكَ؟!
قال: فَغَضِبَ وقال: ماكان النبيُّ ﷺ يُسِرُّ إلَيَّ شَيْئاً يَكْتُمُهُ النَّاسَ، غَيْرَ أنّـه حَـدَّثني بِكلماتٍ أَرْبعٍ قالَ: فقالَ: ماهُنَّ يا أميرَ المُؤْمِنين؟ قال:قال:

((لَعَنَ اللهُ مَن لَعَنَ والِدَهُ، ولَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ، ولَعَنَ اللهُ مَـنْ آوى مُحْـدِثاً، ولَعَنَ اللهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الأَرْضِ)).

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم بەژمارە/ 1978 ڕیوایەتی کردووە).

**واتە:** لە باوکی طوفەیل عامری کوڕی واثلە، فەرمووی: من لـەلای عەلی کوڕی ئەبوطالیب بووم (ڕەزای خوای لێبێت) پیاوێك هات بـۆلای، پێـی ووت: ئـەی عەلی پێغەمبەر چ شتێکی بەتایبەتی ونهێنی بەتۆ وتووە؟ ووتی: عـەلی تـووڕە بـوو فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ هیچ شتێکی بە من نەوتووە کـە لای خـەڵکی شـاراوە بێت جگە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ چوار ڕستەی فێر کـردووم. ئـەبو طـوفـەیل ووتی: کابرا ووتی: ئەوانە چین ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئەبو طوفـەیل ووتـی: عەلی فەرمووی: پێغەمبەر فەرموویەتی: لـەعنەتی خوا لـە کەسێك کە لـەعنەت لە دایك وباوکی خۆی دەکات، وە لـەعنـەتی خـوا لــە کەسـێك کـە ئـاژەڵان بـۆ غەیری خوا سەردەبڕێت، وە لـەعنـەتی خـوا لــە کەسـێك بیدعەچییەك داڵـدە دەدات، وە لـەعنەتی خوا لـە کەسێك کە نیشانەکانی زەوی دەگۆڕێت.

**ڕاڤە:** ئەمە یەکێکە لـە جوانترین ئەو فەرموودانەی کە پرۆگرامێك بۆ بـانگخواز دادەنێت کە نابێت نـەهیچ بـشارێتەوە وە نەهیـچیش لــە کـەس بـشارێتەوە بـۆ

کەسێکی دیاریکراو بەڵکو دەبێت ئەوەی فێری بووە بیگەیەنێ بەڵام بەداناییەوە بۆ خەڵکی. وە هەروەها ئەم فەرموودەیە چەند ئامۆژگارییەکمان دەکات کە:

1- نابێت قسە بە دایك وباوکی خەڵك بڵێین تا قسەیان پێ نەوترێت وەك ئەوە وابێت کە ئێمە هۆکار بووبین لە قسە ووتن پێیان.

2- وە هاوبەش بۆ خوا دانەنێین بە سەربڕین بۆ بەرد و مرۆڤ چونکە ئەو کارە ستەمێکی گەورەیە.

3- وە یارمەتی بیدعە چییەکان نەدەین وئاشکرایان بکەین بۆ خەڵك تا بیان ناسن.

4- وە نیشانەکانی زەوی لە لادێکان وشەقامەکان وشارەکان وگەڕەك وکۆڵانەکان نەگۆڕین.

لەم فەرموودەیەدا چەند نیشانەیەکی چاکی پڕۆگرامی بۆ دیاری کردوین کە پێویستە ڕەچاوبکرێت ئەویش پاراستنی مافەکانە کە بە پاراستنیان دینی تەواو دامەزراو دەبێت ئەوانیش نەفس و مافی یەکتاپەرستی و مافی پەرستش و مافی کەسانی ترە بەجۆرێك ئەگەر بانگخواز ڕێزی لە خۆی گرت و قسەی ناشرینی بە کەس نەووت ئەوا خەڵکیش قسەی پێ ناڵێ بەوەش مافی نەفس خۆی گرت، وە ئەگەر خوای بە حەق ناسی و پەرستی و هیچ جۆرە پەرستشێکی بۆ جگە لەو بڕیارنەدا وەکو سەربڕین و نەزرکردن و هاوارکردن و کڕنوش بۆ بردن ئەوا مافی یەکتاپەرستی داوە، وە ئەگەر نەبووە یارمەتی دەری ئەو تێکدەرانەی کە لەدین زیاد و کەم دەکەن ئەوا توانیویەتی مافی دین بدات و پارێزگاری لێ بکات، وە ئەگەر هیچ کات بیری لە دەست درێژی کردنە سەر مافەکانی خەڵکی نەکردەوە ئەوا توانیویەتی مافەکانیان بپارێزی و کۆمەڵگەش لە شەڕ و خراپەی دوو بەرەکی دوور بخاتەوە. جا برام ئەگەر هەر کەسێك ئاوا پڕۆگرامی

ڕاست و دروست بێت ئەوا بە کەسێکی ((ژیر)) دادەنرێت و بانگەوازەکەشی سەرکەوتوو دەبێت انشاءالله، وە شێوازی ئەو ژیرییەش لە فەرموودەی سی و شەشدا دەبینین.

## فەرموودەی سی وشەش

### ژیری بانگخواز

عن أبي هُريرة قال:

قال رسول الله ﷺ:

((لايُلْدَغُ المُؤْمِنُ مِن جُحْرٍ واحدٍ مَرَّتَيْنِ)).

(ئەم فەرموودەیە پێشەوایان بوخاری بە ژمارە 10/ 529 وە موسلیم بە ژمارە/ 2998 ڕیواتەیان کردووە).

**واتە:** لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ئیماندار ئەو ئیماندارەیە کە لەیەك کونەوە دووجار ناگەزرێ.

بەواتای بانگخوازی ژیر نابێت لە لایەن دوژمنانەوە بخەڵەتێنرێت جار دوای جار بەڵکو کە جارێك فریو درا دەبێت دواجار بێت و بیر لە هەموو کارێك بکاتەوە کە دەیکات.

ئەم فەرموودە پیرۆزە لەدوای ئەوەوە دێت کە بانگەواز خواز پرۆگرامەکەی ناسی و شوێنی کەوت و خەڵکیشی بۆ بانگکرد، ناسینی پرۆگرامیش بە دووجۆر دەبێت:

1- ئەگەر خۆی بە بارودۆخەکەدا تێپەڕبووبێت و هەموو خراپەکانی دیبێت یان پیایاندا تێپەڕ بووبێت ئیتر ئەگەر لەبارەی بیرو باوەڕەوە بێت وەکو ئەوەی

لەسەر بیروباوەڕێکی چەوت بێت یان پشتگیریان لێ بکات وەیان لەگەڵ کۆمەڵێکی بیدعەچی دا بێت کە گەڕایەوە بۆ لای خواو تەوبەی کرد ئەوا ئەم کەسە زۆرباش دەبێت چونکە خۆی گوزراوە و هەوڵ دەدات خەڵکی ئاگاداربکاتەوە لەو جۆرە بیروباوەڕە گۆڕاوە و لەو کۆمەڵە گومڕایانە، یان ئەگەر لە بارەی کۆمەڵایەتیەوە بێت بەوەی خۆی کەسێکی لادەر بوو بێت و ڕەوشتی نزم بوو بێت جا ئەم کەسەش کە چاك بوو ئەوا دەبێتە مرۆڤێکی نمونەیی لەناو گەڕەك و شارو گوند و وولاتدا و خەڵکی چاوی لێ دەکەن و بەو ڕێگەی ئەودا ناڕۆنەوە و دوبارەی ناکەنەوە.

2-جۆری دووەمیان خۆی نابینێ و پیایدا تێپەڕنابێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە یان خۆی بیردەکاتەوە و دەزانی چ شتێ خراپە خۆی لێ بە دوور دەگرێت و ناکەوێتە هەڵەوە، وە یان ئامۆژگاری لە خەڵکەوە وەردەگرێت و هەڵەی خەڵکی دی لەبەرچاو دەگرێت وەکو ئیبنو مەسعود دەفەرموێت (( بەختیار کەسێکە بە جگە لە خۆی ئامۆژگاری وەربگرێت))

جا خوێنەری بەڕێز کەسێك ئەگەر لەم دوو کۆمەڵە بێت ئەوا ژیر و هۆشمەندە چونکە وازهێنان لە خراپە یان چاکبونی بنەڕەتی هەردووکیان هۆکاری بەختیاربوونی مرۆڤن وە یارمەتی دەرن بۆ دامەزراوبوونی لەبەردەم هەر ناخۆشیەك کە بێتە ڕێ ی لە ژیانیدا وە تووشبوون بە ناخۆشی و تاقی کردنەوە هەر ڕوودەدات بەلام ئەگەر مرۆڤ ژیر بوو ئەوا زۆر بە ئاسانی ڕزگاری دەبێت لێیان انشاءالله وە لە فەرموودەی داهاتوودا تاقی کردنەوەی بانگەواز خواز دەبینن.

## فەرموودەی سی وحەوت

## تاقیکردنەوەی بانگخواز

عن خباب بن الأرت قال: شكونا إلى رسول الله ﷺ وهو مَتَوَسِّد بُرْدَةً لهُ في ظِل الكعبة، قُلنا لهُ: ألا تَستَنصِرُ؟ ألا تدعوا الله لنا؟ قال: كان الرَّجُلُ فيمن قَبلَكُم يُحفَرُ لهُ في الأرض، فَيُجعَلُ فيهِ، فيُجاءُ بالمِنشار فيوضعُ على رأسِهِ فَيُشَقُ باثنتين وما يصُدُهُ ذلك عن دينِهِ، ويُمشطُ بأمشاط الحديد مادون لحمِهِ من عَظمٍ أو عَصَب، وما يَصُدُّهُ ذلك عن دينِهِ، والله لَيُتِمَّنَ هذا الأمر حتى يَسِّرَ الرّاكِبُ من صنعاء إلى حَضرَمَوت، لايخافُ إلاالله، أو الذئب على غَنَمِهِ ولكِنَكُم تَستَعجِلون.

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی بوخاری بەژمارە/ 3612، 3852، 6943 گێڕاویەتیەوە).

**واتە:** لە خەبابی کوڕی ئەرەتەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: لەکاتێکدا کە پێغەمبەرﷺلەپاڵ دیواری کەعبەدا پارچە قوماشێکی کردبووە سەرین و خستبویە ژێر سەری و خۆی دابووە بەر سێبەری کەعبە ئێمە چووینە لای، دەردەدڵی خۆمان لاکرد وپێمان ووت: ئەوە بۆچی داوای سەرکەوتنمان بۆ ناکەیت؟ بۆچی لەخوا ناپاڕێیتەوە بۆمان؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پیاوی وا هەبووە لەپێش ئێوەدا هێناویانە چاڵیان بۆ هەڵکەندووە وخستوویانەتە ناویەوە وهاتوون مشاریان هێناوە ولەسەر سەری دایان ناوە وکردوویانە بە دوو لەتەوە ئەم سزایە وای لێ نەکردووە پەشیمان ببێتەوە لەو دینەی کە لەسەریەتی، هەروەها پیاوی وا هەبووە هێناویانە بە شانەی ئاسن گۆشت ودەمارەکانی لە ئێسقانەکەیان جیا کردووەتەوە وسزاکەشی وای لێ نەکردووە لەسەر دینەکەی پەشیمان ببێتەوە.

سوێند بەخوا خوای پەروەردگار ئەم دینە سەردەخات هەتا وای لێ دێت کە سوار لە صەنعاوە دەچێت بۆ حەضرەمەوت ولەخوا نەبێت لە کەس ناترسێت یان لە گورگ مەڕەکانی بخوات، بەڵام ئێوە پەلە دەکەن.

**ڕاڤە:** ئەم فەرموودەیە ئامۆژگاریمان دەکات کە دەبێت ئارامگر بین لەسەر تاقیکردنەوە وسزاکان، دەروونی بن یان جەستەیی، کە لە لایەن دوژمنانەوە دێنە ڕێمان وە پەلە نەکەین، بە بانگەوازی یەك خواپەرستی دەگەینە ئامانجی سەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بە ویستی خوا. لەسەر پاکیەتی بانگەواز بکەین و، چاومان لە زۆری وبۆری نەبێت بەڵکو لە کەمی پوخت بڕوانین.

تاقی کردنەوە لەبەردەم بانگەوازخوازدا ڕێگەیەکە کە هەر دەبێت پیایدا تێپەڕێت چونکە ئەمە سوننەتی خوای پەروەردگارە لەم ژیانەدا بۆ ئەوەی بزانی کێ ڕاست دەکات و دامەزراوە و کێش درۆدەکات و دۆڕاوە بۆیە تاقی کردنەوە و نارەحەتی بە سوننەت گێڕاوە بۆیان. وە ئەمەش تایبەت نییە بە کات و شوێن و کەسێکەوە بەڵکو لە هەموو کات و شوێنێکدا و بۆ هەموو کەسێ بییەوێ گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا دروست بکات دووبارە دەبێتەوە، جا کەسی بانگخواز لە هەموو کەسێ نزیکترە لە نارەحەتی و تاقی کردنەوە، تەماشای پێغەمبەران (( نوح، هود، صالح، ئیبراهیم، موسا، عیسا، زەکەریا، یەحیا، ..هتد)) سەلامی خوایان لێ بێت، کە هەریەکەیان لە پێناو ئەم بانگەوازەدا چیان بەسەر داهات لە لێدان و دەربەدەرکردن و سوتان و ڕاونان و هەوڵدان بۆ کوشتنی و سەربڕینیان بەڵام هەر ئارامیان گرت و درێژەیان دا بە کارەکەی خۆیان و پەلەیان نەکرد جا هەیان بوو بەرهەمی کارەکەی بینی و هەشیان بوو نەیان بینی گرنگ بانگەوازکردنە نەك پەلە کردن و هەڵەشەی، وە

تەماشای هاوەڵانی ئوخدود و هاوەڵانی ئەشـکەوت و هـاوەڵانی موحەمـەد ﷺ بکە چیان تووش بوو لـە نارەحەتی و ناخۆشـی لــە سـوتان و شـاربەدەرکردن و کوشتن و ماڵ بەتاڵان بردن و دووری لـە کەس و کارو خۆشەویستان بەڵام ئـەم ناخۆشیانە سەری لیّ نەشێواندن پەلـەبکەن و خۆیان و بانگەوازەکەش لـەناوبـەن بەڵکو بە فەرمانی خـوا گەیـشتن بـە ئامـانجی تـەنها خـوا پەرسـتی کـە ئـەوەش گەورەترین ئامانجە، بۆیە پێویستە لـەسەر ئێمـەش کـە بـەهیچ جۆرێـك هەڵەشـە نەبین و پەلـە نەکەن بە گوێرەی قورئان و سـوننەت بانگـەواز بکـەین بـە زۆری نەخەڵـەتێین و بە کەمیش دڵگران نەبین بەڵکو ڕاستە ڕێگەکە بگرین و چـاو لــە پێشینانمان بکەین ئیتر ئەگەر گەیشتین بە ئامانج ئەوا سوپاسـی خـوا دەکـەین وە ئەگەر نا ئەوا داوا لـە خوا دەکەین کە لـەسەر دەستی کەسانی دیکەدا بیگەیەنێتە ئامانج بەڵام نابێت بە هیچ شێوەیەك پەلـە بکـەین چـونکە پەلــەکردن دەردێکـی کوشندەیە خوا بمانپارێزێـت لــیّ ی وە هـەوڵیش بـدەین زۆرتـرین کـەس دیـن وەربگرێت بەڵام بەزۆری گومڕا نەبین بەڵکو ئەگەر کەم بوو بەس پوخـت بـوو ئەوەیان باشترە وەك لـە فەرموودەی سی و هەشتدا دەیبینین انشاءالله.

## فەرموودەی سی وهەشت

## چۆنیەتی نەک چەندێتی

عن ثوبان (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله ﷺ: يُشِكُ الأُمَمُ أن تداعى عَليكُم، كما تدعى الأكلةُ على قِصعتِها. فقال، قائِلْ: ومِن قِلةٍ نَحنُ يومئذٍ؟ قال: بل أنتم يومئذٍ كثيرٌ! ولكِنَكُم غُثاء كَغُثاءِ السَّيْلْ ولَيَنْزِعن الله من صدور عَدُوِّكُم المهابة مِنكُم وليَقذِفَنَ الله في قلوبِكُم الوَهن. فقال قائل: يارسول الله ﷺ وما الوَهن؟ قال: حُبُ الدُنيا وكراهيةُ الموت.

(ئەم فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەد بەژمارە 5/ 278 گێڕاویەتیەوە).

**واتە:** لە ثەوبانەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموویت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نزیکە نەتەوەکان بدەن بەسەرتاندا هەروەکو چۆن خەڵکانێك بدەن بەسەر خواردنێکدا کە بۆیان ئامادە کراوە.

جا یەکێك ووتی: ئایە لە کەمیمانە لەو ڕۆژەدا؟

پێغەمبەرﷺفەرمووی: نەخێر بەڵکو ئێوە لەو ڕۆژەدا زۆرن، بەلاّم زۆربەتان وەکو گەلاّیەکی زۆری وەریوە لەسەر ئاوێك وەستابێت کە لەبەر زۆریان وکەمی قورسی وسەنگیان کەوتوون بەسەر یەکدا وکۆبوونەتەوە. سوێند بەخوا، خوای پەروەردگار ئەو ترس وسامەی ئێوە کە لەدڵی دوژمنەکانتاندا هەتانبوو دەری دەهێنێت ولەجیاتیدا لاوازی و بیٚ دەستەلاّتی دەخاتە شوێنی.

جا کابراکە دووبارە ووتیەوە: ئەی پێغەمبەری خوا( وَهَن) لاوازی وبیٚ دەستەلاّتی چییە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو لاوازی وبیٚ دەستەلاّتیە خۆشویستنی دونیاو ترسان لەمردنە.

**راڤـە:** ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کـە دەبێـت موسـوڵمان لەگـەڵ ئەوەی ئاواتـەخوازە لـە هـەموو نەتـەوەکانی سـەرزەوی زۆرتـر بێـت. لەگـەڵ ئەمەشدا دەبێت پەروەردەی تاك تـاکی خۆیـان بکـەن وفێـری ئـاداب ونـەریتی ئیسلام بن وەکو خۆی وەگەرنا با زۆریش بن و ژمارەیان لـە زیادبوونیشدا بێـت بەڵام وەکو کەف وگەڵای وەریوی پایزان دەکەونە سـەرئاو و شـەپۆلـەکان بـە ئارەزووی خۆیان بۆ هەر شوێنێکیان بوێت دەیان بەن.

وەکو ئەم سەردەمەن کە ئێمەی تیادا دەژین موسـوڵمانان زۆر وبـۆرن وبەقـسە بریقـەدارەکان زوو هەڵدەخەڵـەتێن بۆیـە بوونەتـە لاوازتـرین چـین وکۆمـەڵی سەرزەوی.

ڕوانین لـە حاڵی هـەر کۆمـەڵ و گرووپێـك گـەورە بێـت یـان بـچوك کـارێکی پێویستە، چونکە تێڕوانین لـیێ ی و وردبونـەوە تیایـدا لایـەنی بـەهێز و لاوازی دەردەخـات، دەردەکـان دیـاری دەکـات و چارەسـەریان بـۆ دەدۆزێتـەوە وە چارەسەری بۆ دۆزرایەوە لاوازی لادەبات و بەهێزی دەکـات و کـە بـەهێزیش بوو بە ئاسانی لـەناو نابرێـت، ئەمـە بـۆ کۆمـەڵ و گرووپێـك ئـەی ئەگـەر ئـەو کۆمەڵەیە کۆمەڵی موسوڵمانان بێت دەبێت چۆن ڕەفتـاری لـەگەڵـدا بکرێـت، دەبێت زۆر بە وردی تەماشای بکرێت لایەنەکانی بیروباوەڕ و ئادابە شەرعیەکان و هەڵسوکەوتە ڕاست و دروستەکان هەڵسەنگێنرێن ئەگـەر خـراپ بـوو ئـەوا پێویستە باش بکرێن، هـیچ کـات خـوای پـەروەردگار خـەڵکانێك سـەرناخات بانگەشەی ئیسلام و موسڵمانیەتی بکەن و هاوار و هانا بۆ غـەیری خوابـەرن و لە دار و بەرد و پەڕۆ و مردوو نادیار بپاڕێنەوە وە کەسانێکی دی سـەر ناخـات بەس بەناو موسڵمانە بەڵام کەلێی وورد دەبێتەوە لە بیێ باوەڕەکە خراپتر دەستی موسڵمانان دەبڕێت و هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ تا لـەسەر خیانەتکردن پێیان

خۆی پێ بگەیەنێ، کەواتە وریابە ئەگەر زۆربەی خەڵکی ئا بەم جۆرە موسڵمان بن نەبونیان باشترە چونکە هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان ئیسلام لە کەسەکە دادەڕنێت وە زۆری هیچ بارودۆخێکی پێ ناگۆڕدرێت ئەگەر بە جوانی پەروەردە نەکرابێتن و پەیڕەوی دینەکەی خوای پەروەردگار وەکو خۆی نەکەن بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ هۆشیاری پێ داوین کە نەبینە کەفی سەر دەریا بەهۆی ئەوەی کە هەربەناو موسڵمانین وە حاڵی ئێستامان لە هەموو جیهاندا موسڵمانان لەژێر چەپۆکی گاور و جولەکە و بوزی مانگا پەرستەکاندان و بە ئارەزووی خۆیان کوشتاریان دەکەن ڕاستە ئەمە جەرگ بڕەوناخۆشە بەڵام پێویستە سەیرێکی خۆمان بکەین بزانین بۆ مان لێهات.

خوێنەری بەڕێز زۆربەی گوند و شارەکان دراونەتە دەستی گۆڕەکان و بەناو پیاوچاکان کە بیانپارێزن ئەمەش بە دین دەزانن بەڵام بێ ئاگان کە کوفرێکی ڕووتە و هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ کوفری بێ باوەڕانی تر، بەخوا هەتا نەگەڕێینەوە بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنها لەوە سەرشۆڕتر دەبین جا ئاگاداربە، موسڵمانان دەبێت لە بێژنگ بدرێن و پوخت بکرێنەوە و پاشان پەروەردەیەکی ڕاست و دروست بکرێن ئەوجا ئومێدی خێریان لێ دەکرێت با کەمیش بن، بەو کەمە دەتوانرێت دینی خوا سەرخرێت و موسڵمانان بگەیەننەوە ڕیزی نەتەوەکان و ئامانجی هەرەگەورە بەدەست بێنن.

## فەرموودەی سی ونۆ

## ئامانجی هەرەگەورەی بانگخواز

عن رجلٍ من أصحاب النبيِّ ﷺ قال:

قال رسولُ اللهِ ﷺ:

((لنْ يَهْلِكَ النَّاسُ حَتَّى يُعْذَرُوا مِن أنْفُسِهِمْ)).

(ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە ئیمامی ئەحمەد بەژمارە 5/ 292).

**واتە:** لە پیاوێکەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ووتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەرگیز خوای پەروەردگار خەڵکی لەناو نابات تا لەخۆیان و بەخۆیان بیانوویان نەبڕێت.

**ڕاڤە:** ئەم فەرموودەیە ئەوەمان فێر دەکات کە نابێت بانگخواز هیچ کات ساردبێتەوە لە بانگەواز، چونکە خوای پەروەردگار ئەوانەی گێڕاوە بە هۆکاری گەیاندنی دین بۆ خەڵك وڕێزیشی لەخۆیان ناوە بەوەی کە لەو نەفامییەدا ئەوانی دەرهێناوە وکردوونی بە بانگەوازخوازی دینەکەی خۆی تا خەڵکانێك کە لەناوبران بە مردن وخرانە دۆزەخەوە نەڵێن خوای پەروەردگار ئاگاداری نەکردووین چۆن وامان لێ دەکات؟!

گەورەترین ئامانج کە بانگەوازکار پێ ی بگات ئەو سەربەرزییە کە بەدەستی دەهێنێت لەبەردەم خوای پەروەردگاردا ئەویش بەوەی دەچێتە ڕیزی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت وە لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش ((گەیاندنی دینی خوایە)) وە چەشتنی ئەو ئازارە دەرونی و جەستەیەیە کە ئەوانیش بە دەستی خەڵکی خراپ چەشتوویانە وە ئەو خۆشیەشە کە هەندێ جار لە دونیادا دەگەن بەئامانج و سەرکەوتنی دین دەبینن بە چاوی خۆیان وە ئەو خۆشیە

نەبڕاوەیە کە لە بەهەشتدا دەیچێژن انشاءالله، بانگخوازی ئازیز مژدەت لێ بێت کە خوا تۆی گێڕاوە بە هۆکاری بیانوبڕین هەروەکو چۆن پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێ بێت گێڕاوە بەهۆکاری بیانو بڕینی بیانووگران ئەوە تا خوای پەروەردگار لە سورەتی مولکدا لەئایەتی (8–9) دا دەفەرموێت (([**تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ**] [**قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللهُ مِنْ شَيْءٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ**] {الملك:8-9} واتە (( خەریکە ئەو دۆزەخە گەورەیە لە تورەی بەرامبەر بێ باوەڕاندا بتەقێتەوە لەکاتی فڕێدانی هەر کۆمەڵێك لەوانە بۆ ناو دۆزەخ سەرپەرشتیاری دۆزەخ پێیان دەڵێ ئایە ئاگادارکەرەو ترسێنەرێکتان بۆ نەهات ، دەڵێت بۆمان هات بە دڵنیاییەوە بەڵام بە درۆمان خستنەوە و پێمان وتن خودا هیچی دانەبەزاندوە و ئێوە لە گومڕایەکی گەورەدان))

کەواتە شایستەی موژدەی چونکە بێ باوەڕان خۆیان دانی پیادا دەنێن کە بانگەواز کارانێك هەبوون ئێمە بە درۆمان دەخستنەوە خوابمانگێڕێ بە یەکێ لەو بانگەوازکارانەی کە دینی خوا سەر دەخەین بەقسە و کردارمان.

بۆیە پێویستە بزانیت و شانازی بە موسڵمانیەتی خۆتەوە بکەیت و هیچ کات سەیر نەکەیت و بڵێ بە خوا من هیچ نیم چونکە خەڵك بە گوێم ناکات، بزانە بە گوێکردنی خەڵك یان بە گوێنەکردنی مەرجی پلە بەرزی تۆ نیە بەڵکو بەردەوام بوون لەسەر ئیسلام گەیشتن بە خوای خۆت و وتنی ڕاستیەکان مەرجی تەواون و تا لە ژیاندا بن زۆر بەسەربەرزانە وە بڵێ من موسڵمانم و ڕازی نیم سەر بۆ جگە لە خوا دانەوێنم وەك لە فەرمودەی چلدا دەبینین انشاءالله.

## فەرموودەی چل

## ئێمە بەس موسوڵمانین

عن الحارث الأشعَريّ قال: قال رسول الله ﷺ: إن الله تَعالى أَمَرَ يَحيى بن زَكَريا (عليهما السلام) بخَمس كَلماتٍ يَعملُ بِهِنَ ويأمُرُ بني إسرائيل يَعمَلون بِهِنَ، وأن عيسى بن مريم (عليه السلام) قال لَهُ: إن الله (أمَرَك) بِخَمسِ كَلِماتٍ تَعمَلُ بِهِنَ وتأمُرُ بِهِنَّ بني إسرائيل يعملون بِهِن، فإما أن تأمُرَهُم وإما أن آمُرهُم، قال إنك إن تَسبَقَني بِهِنَّ خَشيتُ أن أُعَذَّبَ أو يُخسَفَ بي، قال: فَجَمَع الناسَ في بيت المقدِس، حتى إمتَلا، وقعد الناسُ على الشُرُفاتِ، قال: فوعَظَهُم، قال: إن الله أمرني بخمس كلماتٍ، أعمَلُ بِهِنَّ وآمُرُكُم أن تَعمَلوا بِهِنَّ، أوَّلُهُنَّ: أن تَعبُدوا الله، ولا تُشرِكوا بِهِ شيئاً، وأن مَثَل مَن أشرَك باللهِ كمَثَلِ رَجُلٍ اشترى عَبدا مِن خالصِ مالِهِ بذهَب أو وَرِق، قال: هذهِ داري وهذا عملي فاعمَل وأدِّ إليَّ، فجعل يَعمَلُ ويؤدي إلى غَير سَيدِهِ، فأيُّكُمْ يَسُرُّهُ أن يكون عَبدُهُ كذلك؟ فإن الله خَلَقكُم ورزقَكُم، فلا تُشركوا بِهِ شيئاً.

وآمُرُكُم بالصلاة، فإذا صَلَيتُم فلا تَلتَفِتوا.

وآمُرُكُم بالصِّيامِ، وأنَّ مَثَلَ ذلك كمَثَلِ رَجُلٍ كانت مَعَهُ صُرَّةٌ فِها مِسكٌ ومَعَهُ عِصابَةٌ كُلُهُم يُعجِبُهُم أن يَجِد ريحها، فإن الصائِم عِند الله يَعني أطيبُ مِن ريح المسك.

وآمُرُكُم بالصدَقَةِ، فإن مَثَلَ ذلك كمَثَلِ رَجُلٍ أسَرَهُ العَدُو، وقاموا إليه فأوثقوا يَدَهُ إلى عُنُقِهِ فقال: هَل لَكُم أن افدي نفسي مِنكُم؟ قال فجعل يُعطِهِم القليل والكثير لِيَفُكَ نَفسَهُ مِنهُم، وآمُرُكُم بِذِكر الله كثيراً، وأنَّ مَثَل ذلك كمَثَلِ رَجُلٍ طَلَبَهُ

العَدُوُّ سِراعاً في اثرهِ، حتى اتى على حِصنٍ حَصين فأحرز نفسهُ فيه، كذلك العَبدُ لايحرِزُ نَفسَهُ مِن الشيطان إلا بذكر اللهِ عز وجل.

وقال رسول الله ﷺ: وأنا آمُرُكُم بِخمسٍ أمَرَني الله بِهِنَّ:

الجماعَةَ والسَّمعِ والطاعةِ والهجرة واجهاد في سبيل الله عز وجل. فمن فارق الجماعة قيدَ شِبرٍخَلع، ربقة الإسلام مِن رأسِهِ، إلا أن يَرجع ومن دعا بدعوى الجاهِلِيةِ فإنهُ مِن جُثا جَهَنَم.

قيل وإن صام وصلى قال: وإن صام وصلى فادعوا بدَعوى الله الذي سَمَّى الله بِهِ: المسلمين، المؤمنين، عباد الله.

(ئەم فەرمودەیە ئیمامی ئەحمەد (130/40، 202، 344) ڕیوایەتی کردووە.)

**واتە:** لە حارثی ئەشعەرییەوە دەفەرموویّت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوای پەروەردگار فەرمانی بە یەحیای کوڕی زەکەریا (سەلامی خوایان لیّ بیّت) کرد بە پیّنج ووشە کە خۆی کاری پیّ بکات وە فەرمانیش بە بەنی ئیسرائیل بکات کە کاری پیّ بکەن، وە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لیّبیّت) بە یەحیای فەرموو: خوای پەروەردگار فەرمانی بە تۆ کردووە بە پیّنج ووشە کە کاری پیّ بکەیت وفەرمانیش بە بەنی ئیسرائیل بکەیت کە کاری پیّ بکەن، جا یان تۆ پیّیان بلّیّ وفەرمانیان پیّ بکە یان من پیّیان دەلّیّم وفەرمانیان پیّ دەکەم.

یەحیا فەرمووی: ئاخر لەبەر ئەوەی تۆ لەبەرتری لە من بەم ووشانە بۆیە تا ئیّستا فەرمانم پیّ نەکردوون ترساوم لەوەی کە خوا سزام بدات یان بمکات بە ناخی زەویدا. ئەوجا خەلّکی لە بەیتولمەقدیسدا کۆکردەوە وهەتا پڕبوو لە خەلّك تا وای لیّهات جیّیان نەدەبوویەوە ولەسەر قەراغەکان دادەنیشتن.

پێغەمبەرﷺفەرمووی: یەحیا (سەلامی خوای لێبێت) ئامۆژگاری کردن وپێی فەرموون: خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردووم بە پێنج ووشە کە کاری پێ بکەم وفەرمانیش بە ئێوە بکەم کە کاری پێ بکەن، ئەوانیش:

**یەکەمیان:** کە خوا بپەرستن وهاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن، وە ئەوکەسەی هاوبەش بۆ خوا دادەنێ وێنەی کەسێکە کە بەندەیەکی بە ماڵی خاوێنی خۆی کڕیبێت جا ئەو ماڵە ئاڵتوون بێت یان پارە، جا پێی ووتبێ ئەوە ماڵەکەمە وئەوەش کارەکەمە وتەنها بۆ من جێ بەجێی بکە، جا بەندەکە کار دەکات بەڵام بۆ جگە لە گەورەکەی خۆی جێ بەجێی دەکات، جا کێ لە ئێوە پێی خۆشە بەندەکەی بە ماڵی خاوێنی خۆی کڕیبێت وئاوا ڕەفتار بکات؟ جا خوای پەروەردگار ئێوەی دروست کردووە ورۆزی داون هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن ئەی بەنی ئیسرائیل.

**دووەم:** فەرمانتان پێ دەکەم بە نوێژکردن جا ئەگەر نوێژەکانتان کرد تیایدا ئاوڕ بۆ ئەملاولا مەدەنەوە.

**سێیەم:** وە فەرمانتان پێ دەکەم بە ڕۆژووگرتن، وە نموونەی کەسێ کە بەڕۆژوو دەبێت وەکو بوخچەیەك وایە کە لەناو بوخچەکەدا میسکی تێدابێت وبەپیاوێك بێت وە لەگەڵ پیاوەکەشدا کۆمەڵێ هەبن هەر هەموویان سەرسامن کاتێ بۆنی میسکەکە دەکەن لە بۆنخۆشیدا، هەتا ئەو کەسەی بەڕۆژوو دەبێت بۆنی دەمی لای خوای گەورە لە بۆنی ئەو میسکە خۆشترە.

**چوارەم:** وە فەرمانتان پێ دەکەم (بە خێرکردن) وە وێنەی کەسێك کە خێر دەکات وەکو ئەو کەسە وایە کە دوژمن بە دیلی گرتبێت، جا کاتێ بەدیلیان گرت دەستەکانی دەبەستن وبە ملیدا هەڵی دەواسن جا ئەویش پێیان دەڵێ: باشە دەبێ من بەچی ڕزگار ببم لە دەستتان؟ جا ئەو پیاوە بە دوژمنەکان کە

بەدیلیان گرتووە لە زۆر وکەم دەیانداتێ بەس بۆئەوەی ڕزگاری بێت لە دەستیان.

**پێنجەمیان:** وە فەرمانتان پێ دەکەم بە یادکردنەوەی خوای گەورە، چونکە وێنەی کەسێ کە یادی خوا دەکات وەکو ئەوە وایە کە دوژمن داوای دەکات وبەشوێنیدا بە خێرایی دەگەڕێ هەتا کابرا دەڕواتە قەلآیەکی قایمەوە وخۆی لە دەستی دەرباز دەکات، بەندەی موسوڵمانیش وەکو ئەو کەسە وایە کە دەچێتە قەلآکەوە چونکە تا نەچێتە قەلآکە خۆی لە دوژمن بۆ ناپارێزرێت، موسوڵمانەکەش تا یادی خوا زۆر نەکات ناتوانێت لە شەیتان دەربازی ببێت وتووشی تاوانی نەکات.

جا پێغەمبەر دوای قسەکانی یەحیا (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرمووێت:

ئەوا منیش فەرمانتان بە پێنج شت پێ دەکەم کە پابەند بن پێیەوە چونکە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووم ئەوانیش: پابەند بوون بە کۆمەڵی موسوڵمانانەوە، وە بەگوێڕایەڵی، ملدان بۆ حەق، وە کۆچ کردن لە پێناوی خوادا و تێکۆشان لە پێناوی خوادا.

جا هەرکەسێك واز لە کۆمەڵی موسوڵمانان• بهێنێت با بە هێندەی بوستێکیش بێت ئەوا ئیسلامی لەبەرخۆی داماڵیوە یان لەسەرخۆی لایبردووە تا دەگەڕێتەوە، وە هەرکەسێك بانگەواز بۆ سەردەمی نەفامی بکاتەوە ئەوا خۆی لەسەر ئەژنۆ بۆ ئاگری دۆزەخ ئامادە کردووە.

هاوەڵان پێیان فەرموو: ئەگەر نوێژیش بکات ورۆژووش بگرێت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: با نوێژیش بکات ورۆژووش بگرێت با بانگەوازتان بەو شێوەیە بێت کە خوا لێی ڕازییە خوا ئێوەی ناوناوە: (موسوڵمانان، ئیمانداران، بەندەکانی خوا) ئێوەش ناوی تر لە خۆتان مەنێن چونکە کاری نەفامانە.

* لە کۆتـا فـەرموودەی پێغەمبـەری ئـازیز و خۆشەویـست ﷺ ئـەوەمان بـۆ دەردەکەوێت کە شانازی بە خۆمانەوە بکەین کە خوا ڕێنمویی کردووین بۆ ئەم دینە پاکە وە ناویشی ناوین موسڵمان و ئیماندارو بەندەی خوا وە لەسەریـشمان پێویستە کە ڕازی بین بە ناونانی خوا و پێغەمبەر ﷺ بۆمان و نابێت هەرکەس و کۆمەڵەمان بە ئارەزووی خۆی ناو دابچڕێ تـا پارچـە پارچـە نـەبین، بـەڵام بـە داخەوە ئەوەی دەیبینن ئێستا لەسـەر زەوی موسـڵمانان تێکـەوتون پەرتـەوازە بوونێکە کەبەس مەگەر خوا خۆی بەزەیی پیاماندا بێتەوە ڕیزەکان یەکبگرنـەوە، ئـەویش بـەهۆی ئـەو هـەموو نازنـاوە جۆراوجۆرانەیـە کـە لـەخۆیان نـاوە و خۆیانداوەتە پاڵ مەزهەبە جیاوازەکان و وازیـان لـە مەزهـەبی موحەمـەدی ﷺ هێناوە وە سەرکردەی وایـان بـۆ خۆیـان کـردووە بـە پێـشەوا کـە بەکـەڵکی بەڕێوەبردنی ماڵەکەی خۆیشی نایەت و خەڵکی کارەکانی بـۆ بەڕێوەدەبـەن وە لەوەش خراپتر قسەی ئەوقورئان و سوننەتیانە و بیری پوچەڵی ڕێگەی ڕاستیانە، پرۆگرامی بۆ داناون و وازی لە پرۆگرامی قورئان و سوننەت پێ هێناون خـوای گەورە بە دوورمان بگرێت لێیان.

کەواتە کۆتـا قـسەم خوێنـەری ئـازیز دەسـت بگـرە بەناوەکـەی خۆتـەوە کـە موسڵمانیەتی و ئیمانداری و بەندەی خوایە، وە ئاگـاداری بیروبـاوەڕت بـە لـە هاوبەش بڕیاردان بیپارێزە وە ڕەوشت و هەڵسوکەوتت بـاش بکـە، ئاگـات لـە دەم، گوێ و چاو و دەست و قاچت بێت، خوای پەروەردگار یارمەتی منـیش و تۆش بدات کە لەسەر ئەم دینە شیرینە بەردەوام بین تـا دەگەینـەوە لای خـوای پەروەردگار وە لە گوناحـەکانمان خـۆش بێـت و کردەوەکانمـان وەربگرێـت و نیازمان پاك بکاتەوە بۆ خۆی سەربەرزمان بکات.

واخر و دعوانا ان الحمد لله رب العالمین.

• خوێنـەری ئـازیزم دەربـارەی كۆمـەڵی موسـڵمانان یـان كۆمـەڵی ڕزگـار بـوو زانایان لە كۆن ونوێدا بە گوێرەرەی سەردەمە جیاوازەكان ناوی تریشیان بۆ بـەكارهێناوە بەپـشت بـە سـتن بـە فـەرمودەكان پێغەمبـەرﷺبۆنمونـە لەسـەرەتادا (اهـل الحـدیث )یـان بـەكاریان هێنـاوە كـە ئەمـەش بۆچـونی هەریەكـە لـە زانایـانی پایـە بـەرز(ئیمـام ئەحمەد،عەبـدوڵای كـوڕی موبارەك،عـەلی كـوڕی مـەدینی)پاشـان لـە سـەردەمێكی دیـدا زاراوەی(أهـل العلم)یان بەكارهێناوە كە ئەمەش بۆچونی زانایان(ئەحمەدی كوڕی سینانە، پێشەوا بوخاریە)لەدوای ئەوەو لەم سەردەمەی ئێمـەی تیـادا دەژیـن زاراوەی (السلفیون)یان بۆ بەكارهێناوە كەئەمەش بۆچونی پێشەوایانی موسـڵمانان و نوێكـەرەوەی ئـاین لـەم چـە رخـەدا(ابـن بـاز ، الالبـانی ، صـالح الفـوزان)ە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە هەرهەمویان بێت ئەوانـەیان كـە مـردوون و داوای تەمەن درێژی بۆ ئەوانە دەخوازین كە ماون0

## کۆتایی

خوای پەروەردگار کۆتایی ژیانمان بە چاکترین شێوە بێنێ.
بانگەوازکردن بۆ لای خوای پەروەردگار رێزێکی گەورەیە و ئەو رێزە بە وازهێنان و پاڵدانەوە و نەمری بۆ ئاسودەی ژیان بە دەست نایەت، بەڵکو بە زانستی بەسودو کردەوەی چاك و شوێنکەوتنی وردو هۆشاریەکی قوڵ بەدەست دێت، وە ئەمەش هەمووی وا بەسەی هەڵسوکەوت و ئامۆژگاری نەرم ونیانی و لەسەرخۆییە.
وە ئەوەی لە پەڕەکانی پێشودا نوسیمن خاڵێکە لە دەریایەکدا وە لوێچێکە لێ ی وە تەنها بیرکردنەوەیەك بۆ خۆم یەکەم بۆ براکانم دووەم بۆ نەتەوەی ئیسلام سێهەم هیچێکی دیکە نییە.
جا ئەگەر پێکا بووم ئەوا لە خوای تاك و تەنهاوەیە وەهەڵەشم کردبوو لە ڕاستە ڕێ لام دابوو ئەوا تەنها لە نەفسی خۆم و شەیتانەوەیە.
وە داوای لێ خۆشبون لە خوای پەروەردگار دەکەم لەسەرەتا و کۆتایدا وە لە ئاشکراو نهێنی دا وەکۆتا داواشمان سوپاس کردنی خوایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

وصلی علی حبیبنا محمد و علی الە محمد

2008/2/28

**گۆخلان**

**(پێڕست)**

1- پێشەکی دانەر
2- پێشەکی وەرگێڕ
3- ڕێ خۆشکەر
4- فەرموودەی یەکەم (بناغەی کردارەکان)
5- فەرموودەی دووەم (بێ دەستەلاتی موسڵمانان)
6- فەرموودەی سێیەم (ناکۆکی)
7- فەرموودەی چوارەم (پەرتەوازەبوونی ئوممەت)
8- فەرموودەی پێنجەم (چ ڕێگەیەك)
9- فەرموودەی شەشەم (ڕوونکردنەوەی ڕێگەکە)
10- فەرموودەی حەوتەم (زانیارییەکانی (مەشخەڵەکانی) ڕێگەکە)
11- فەرموودەی هەشتەم (جیاکردنەوە (جیابوونەوە))
12- فەرموودەی نۆیەم (خێر بەردەوامە ودەمێنێت)
13- فەرموودەی دەیەم (خۆ چاککردن وچاکخوازی خەڵکی)
14- فەرموودەی یازدەهەم (خوا بە یەك گرتن)
15- فەرموودەی دوازدەهەم (شوێن کەوتن)
16- فەرموودەی سیازدەهەم (پاککردنەوەی دەروون لەکاری خراپ وخراپەکاری) .
17- فەرموودەی چواردەهەم (سرووشتیەتی دین یان شێوازی ئاسایی دینی ئیسلام)
18- فەرموودەی پانزەهەم (سەرەتای دەست پێکردنی کەلێن)
19- فەرموودەی شانزەهەم (هۆکاری کەلێن)

20- فەرموودەی حەڤدەهەم (چارەسەری کەلێنەکە)

21- فەرموودەی هەژدەهەم (ئەو بار ودۆخەی کە ئێمە دەمانەوێت)

22- فەرموودەی نۆزدەهەم (مافەکان)

23- فەرموودەی بیستەم (سەرەتای دەست پێ کردنی بانگەوازخواز بە بانگەواز)

24- فەرموودەی بیست ویەك (گرنگییەتی هاوڕێیەتی)

25- فەرموودەی بیست ودوو (بنچینەکانی بانگەواز)

26- فەرموودەی بیست وسێ (ڕەوشتی بانگەوازکار)

27- فەرموودەی بیست وچوار (پەرژینی بانگەواز)

28- فەرموودەی بیست وپێنج (هەڵسەنگاندنی کارەکان یان ئەندازە دانان بۆ کارەکان)

29- فەرموودەی بیست وشەش (ڕێگەی پەروەردەکردن)

30- فەرموودەی بیست وحەوت (جیاوازی لە نێوان بیردۆزەیی و پراکتیزەییدا (جێ بەجێ کردن))

31- فەرموودەی بیست وهەشت (ووردبینی بانگەوازکار وسووربوونی لە ووردبوونەوە لە کارەکان)

32- فەرموودەی بیست ونۆ (گرنگی ( بایەخی) کات)

33- فەرموودەی سی (بیکەرە دەستکەوتت)

34- فەرموودەی سی ویەك (بەڵای بانگخواز)

35- فەرموودەی سی ودوو (دەرخستنی حەق لەلایەن بانگخوازەوە)

36- فەرموودەی سە وسێ (سەرخستنی ئیمانداران)

37- فەرموودەی سی وچوار (ژینگەی بانگخواز)

38- فەرموودەی سی وپێنج (پرۆگرامی بانگخواز)
39- فەرموودەی سی وشەش (ژێری بانگخواز)
40- فەرموودەی سی وحەوت (تاقیکردنەوەی بانگخواز)
41- فەرموودەی سی وهەشت (چۆنیەتی نەك چەندێتی)
42- فەرموودەی سی ونۆ (ئامانجی هەرەگەورەی بانگخواز)
43- فەرموودەی چل (ئێمە بەس موسوڵمانین)
44- کۆتایی
45- پێرِست

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی (ئیمان وەن) و (ڕێگای ئیسلام)

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com